# پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە:
# هەنگاو و ئاستەنگەکان

د.ئومێد رفیق فتاح*                    د.عابد خالد رسول**

وشە کلیلییەکان: پێشمەرگە، دامەزراوەی سەربازی، هێزی چەکدار، ئاسایشی هەرێمی کوردستان.
https://doi.org/10.31271/jopss.10012

**پوختەی توێژینەوە:**

ئامانجی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی ڕەهەند ولایەنەکانی پرۆسەی بە دامەزراوەکردنی هێزەکانی پێشمەرگەیە لەچوارچێوەی هێزێکی پیشەیی نیزامی پشتبەستوو بە بیروباوەڕێکی سەربازی نیشتمانی بێلایەن، چونکە بەبێ بوونی هێزێکی نیشتمانی ونیزامی لەم جۆرە ناتوانرێت پرۆسەی گواستنەوەی دیموکراسی وئارامی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا بەدیبهێنرێت ئەمە لەلایەك، لەلایەکیتر بەبێ هێزێکی بەدامەزراوەیکراوی پیشەگەری نیشتمانی توانای بەرگریکردن لە خاك وئاسایشی هەرێمی کوردستان گەلێک قورسە.

ئەم توێژینەوەیە ناساندنێک بۆ زۆربەی ئەو هەوڵ و هەنگاوە ناوخۆیی و عێراقی و نێودەوڵەتییانە کردووە کە لەو پێناوەدا نراون، هەروەك چۆن زۆربەی ئەو کۆسپ و بەربەستانەیشی خستۆتەڕوو کە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقدا ڕێگری دەکەن.

**ملخص البحث:**

**عملية مأسسة قوات البيشمەرگە**

**الخطوات و المعوقات**

يتمثل الهدف الأول لهذا البحث في تحليل اهم أبعاد عملية مأسسة قوات البيشمركة ضمن قوة نظامية محترفة على أساس عقيدة عسكرية وطنية محايدة. لأنه بدون قوة وطنية مهنية كتلك لا يمكن تحقيق عملية الانتقال الديمقراطي والاستقرار السياسي بشكل ناجح، هذا من جهة ، ومن جهة أخرى بدون قوة دفاعية مؤسسية تكون مهمة الدفاع عن أمن كردستان صعبة.

يدرس هذا البحث الخطوات والجهود المحلية والعراقية والدولية التي بذلت بإتجاه عملية مأسسة

* سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە سەنتەری توێژینەوەکانی زانکۆی جیهان ـ سلێماني: umed.fatah@centerfs.org          omedfatah76@yahoo.com

** بەڕێوەبەری بەشی ئاسایش وسیاسەتی گشتی لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی سلێماني: abid.rasul@centerfs.org          abid.rasul@univsul.edu.iq

قوات البيشمركة، كما يدرس الصعوبات والعوائق التي تواجه هذه العملية على مستويي اقليم كوردستان والعراق ايضا.

**Abstract:**

**Institutionalizing the Peshmerga Forces: steps and obstructions**

The initial aim of the research is to explain the level and efforts of the process of construction and institutionalization of the Peshmerga forces within one professional national force based on national and military principle. Because without this national force and its reconstruction within national establishment the process of democracy transference and political stability would not be achieved on one hand, on the other hand without an institutionalized defenses capability and Kurdistan security would be difficult to achieve.

This research studies the local, Iraqi, and international attempts that made in order to institutionalize the Peshmerga, as well as it studies the difficulties and obstacles that hinder this process at the both levels of Kurdistan Region and Iraq.

## پێشەکی:

زۆر دەمێکە لە ئەدەبیاتی قوتابخانەی نۆێگەری و گەشەپێدانی سیاسیدا تێبینی ئەوەکراوە کە سەرلەنوی ڕێکخستنەوە و پەرەپێدان و پێشخستنی دەزگا سەربازییەکان، لەزۆرێک لە کۆمەڵگا و دەوڵەتە تەقلیدی و دواکەوتووەکاندا سەرمەشقی پێشکەوتن و گەشەکردنی سیاسی بووە، بەشێوەیەک لە هەندێک لەم وڵاتانەدا نوخبەی سەربازی ئەرکی بەدیهێنانی خواستی جەماوەری لەسەر پەرەپێدان و نوێکردنەوە و چاکسازی لە سیستمی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ووڵاتدا گرتۆتە ئەستۆی. هەڵبەت هەندێک جار ئەم پرۆسەیە بەرەو بەدیمکراتیزەکردنی کۆمەڵگا ڕۆیشتووە، بەڵام هەندێک جاریش بە ڕسکانی ڕژێمێکی سەربازی دەسەڵاتخواز کۆتاییهاتووە. لەم ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە دەخوازێت شرۆڤەی ڕەهەندە ئەرێنییەکەی پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پیشمەرگە بکات، کە هێزگەلێکی بەسروشت سەربازیین، وەک پێش مەرج و هەنگاوێکی سەرەکی بۆ گەشەپێدان و نوێکردنەوە و بەدیموکراسیکردنی سیستمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا.

### کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆدۆزینەوەی وەڵامی چەند پرسیارێك کە ئامانجی توێژینەوەکەی پێوە بەندە وەك: ئایا چۆن پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی پیشمەرگە ئەنجامدەدرێت؟ مەبەست لەم پرۆسەیە چییە؟ ئامانج لە بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە چییە؟ گرنگی ئەم پرۆسەیە بۆ هەرێمی کوردستان و عێراقیش چییە؟ تائیستا گرنگترین هەنگاوەکانی بەدامەزراوەییکردنی پیشمەرگە چی بوون؟ ئەی ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیە چی بوون؟

### گریمانەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لەسەر گریمانەیەکی سەرەکی داڕێژراوە ئەویش ئەوەیەکە: ئەگەر پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستاندا سەرکەوتووبێت، ئەوا یەکێک لە پیش مەرجەکانی بونیادنای سیستمێکی دیموکراسی و ئارام لە هەرێمی کوردستاندا دێتەدی.

### گرنگی توێژینەوەکە:

بایەخی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە هەوڵ دەدات چارەسەر بۆ کەلێنێکی گەورە لە بونیادی سیاسی هەرێمی کوردستاندا بدۆزێتەوە ئەویش بریتییە لە سستی پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە، کە زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە هەنگاوەکانی خراوەنەتە گەڕ، بەڵام هێشتا بەئامانج نەگەیشتووە.

### ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە:

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ڕۆشنایی گرفت و گریمانەکەیدا هەوڵی هێنانەدی ئەم ئامانجانە دەدات:

١- ناساندنی پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستاندا.

٢- خستنەڕووی زۆربەی ئەو هەنگاوانەی بۆ سەرخستنی ئەم پریۆسەیە نراون.
٣- دەستنیشانکردنی ئەو ئاستەنگانەی ڕێگربوون لە سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیەدا.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم تۆیژینەوەیەدا، پشت بە زیاد لە میتۆدێك بەستراوە وەك میتۆدی وەسفی و مێژوویی و میتۆدەکانی شیکاری سیاسی، کە بەپێی باس و تەوەرەکانی توێژینەوەکە سوودیان لێ وەرگیراوە.

**پەیکەری توێژینەوەکە:**

بۆ لێکدانەوەی کێشەی ئەم توێژینەوەیە و سەلماندنی گریمانەکەی، پەیکەری توێژینەوەکە دابەش کراوە بەسەر پێشەکیەك و چوار باسدا، لەگەڵ کۆتایی ودەرئەنجامەکان، بەم شێوەیە:

باسی یەکەم کە بە ناونیشانی (چەمکی بەدامەزراوەییکردن)ە لە سێ تەوەرە پێك هاتووە تەوەرەی یەکەم تەرخانکراوە بۆ باسی (زاراوەی بەدامەزراوەییکردن)، تەوەرەی دووەم تایبەتە بە (پێناسەی بەدامەزراوەییکردن)، تەوەری سێیەمیش (گرنگی سیاسی بەدامەزراوەییکردن) دەخاتەڕوو.

باسی دووەم کە بە ناونیشانی (ناساندنی پێشمەرگە)یە لە سێ تەوەرە پێك هاتووە تەوەرەی یەکەم تەرخانکراوە بۆ (وشەی پێشمەرگە)، تەوەرەی دووەم تایبەتە بە (پێناسەی پێشمەرگە)، تەوەری سێیەمیش (گرنگی بەدامەزراوەییکردنی پێشمەرگە) دەخاتەڕوو.

باسی سێیەم کە بە ناونیشانی (هەنگاوەکانی بەدامەزراوەییکردنی هێزی پێشمەرگە)یە لە سێ تەوەرە پێك هاتووە، تەوەرەی یەکەم تایبەتە بە خستنەڕووی (هەنگاوەکانی هەرێمی کوردستان) لەو پرۆسەیەدا، تەوەرەی دووەمیش تارخانکراوە بۆ باسکردنی (هەنگاوە عێراقییەکان)، هەرچی تەوەرەی سێیەمیشە بایەخ بە (هەنگاوە نێودەوڵەتییەکان) دەدات.

باسی چوارەم کە بە ناونیشانی (ئاستەنگەکانی بەدامەزراوەییکردنی هێزی پێشمەرگە)یە لە دوو تەوەرە پێك هاتووە، تەوەرەی یەکەم (ئاستەنگەکان لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان) دەخاتەڕوو، بەڵام تەوەرەی دووەم باسی (ئاستەنگەکان لەسەر ئاستی عێراق) دەکات. لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەخراوەتەڕوو کە پێیان گەیشتووە.

## باسی یەکەم: چەمکی بەدامەزراوەییکردن

ئەم باسە تەرخانکراوە بۆ ناساندنی چەمکی بەدامەزراوەییکردن، کە پێکهاتووە لە سێ تەوەر، لە تەوەری یەکەمدا باسی زاراوەی بەدامەزراوەییکردن دەکەین، لە تەوەری دووەمدا باسی پێناسەی بەدامەزراوەییکردن دەکەین، لە تەوەری سێیەمیشدا گرنگی سیاسی بەدامەزراوەییکردن دەخەینەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

### تەوەری یەکەم: زاراوەی بەدامەزراوەییکردن:

لەڕووی زمانەوانییەوە، زاراوەی (بەدامەزراوەییکردن – المأسسة - Institutionalization) لە بنەڕەدا لە وشەی (دامەزراوە – المؤسسة - Institution) داتاشراوە، کە ئەمیش لە زمانە بیانییەکاندا واتاکانی (دامەزراندن، دروستکردن، پێکهێنان) دەگەیەنێت(١). هاوکات بە هاوواتای وشەی (ڕێکخراو – المنظمة - Organization)یش بەکاردەهێنرێت(٢)، لە زمانی کوردیشدا بۆ هەمان ئەو واتایانە بەکاردەهێنرێت.

بەگشتی وشەی (دامەزراوە) بریتییە لە هەر شتێك کە مرۆڤ دایهێناوە یان دروستیکردووە بەرامبەر بەو شتانەی بەسروشتی هەن، بۆ نموونە: (ئارەزووی خواردن و فێربوون و خۆشویستن و پێکەوەژیان) چەند شتێکی سروشتین، بەڵام (کارگە و خوێندنگە و خێزان و دەوڵەت) بەرهەمی دەستکردی مرۆڤن، کە بەهاوکاری تاکەکانتیری ناو کۆمەڵ دایهێناون، بۆیە ئەم پێکهاتە دەستکردانەی مرۆڤ بە (دامەزراوە) دادەنرێن(٣).

بەپێی ئەم واتایانەش بۆ ووشەی (دامەزراوە)، زاراوەی (بەدامەزراوەییکردن) ئاماژەیە بۆ کرداری دانان و ڕێکخستن و لەقاڵبدانی شتێک، واتا گۆڕینی ئەو شتە بۆ دۆخێکی ڕێکخراو(٤).

### تەوەری دووەم: پێناسەی بەدامەزراوەییکردن:

وەک چۆن بۆ واتای زمانەوانی زاراوەی (بەدامەزراوەییکردن) گەڕاینەوە بۆ وشەی (دامەزراوە)، هەرواش دەبێت بۆ پێناسەکردنی بگەڕێینەوە بۆ پێناسەی (دامەزراوە)، کە لە ڕووی زانستییەوە جێگەی مشتومڕ و لێکدانەوەی زۆر و جیاوازی یاساناسان و ئابوریناسان و کۆمەڵناسان و زانایانی سیاسەتە، لەبەرئەوەی یەکێکە لەو چەمکانەی کە لە زۆرترین بوارەکانی ژیاندا هەیە. هەربۆیە پێناسەی زۆر بۆ چەمکی (دامەزراوە) کراوە، بەڵام دەتوانین لەناو کۆی پێناسەکاندا دوو تێڕوانین

(1) P. H. Collin, Dictionary of Politics and Government, 3rd ed., (London: Bloomsbury Publishing Plc., 2004), P. 123.

(2) N. S. Doniach (Editor), the Oxford English - Arabic Dictionary, (Oxford: THE CLARENDON PRESS, 1987), P. 607.

(٣) د. صادق الاسود، علم الاجتماع السياسي: أسسة وأبعاده، (جامعة بغداد: كلية العلوم السياسية، ١٩٩٠)، ص ٣٨٠.

(4) P. H. Collin (General editor), Student Dictionary, 3rd ed., (London: Bloomsbury Publishing Plc., 2003), P. 441.

دیاری بکەین:

- بەڕای هەندێك (دامەزراوە) بریتییە لە: "کۆمەڵێك مرۆڤی یەکانگیر، کە ڕێکخستنێکی ناوخۆیی و سەربەخۆییەکی دەرەکییان هەیە"[٥].

- بەڵام بەڕای هەندێکیتر (دامەزراوە) بریتییە لە: "کۆمەڵێك کردار و چالاکی ڕێکخراو بەشێوەی چەند ڕێسا و بنەمایەك، کە تاڕادەیەك سیفەتی جێگیرییان هەیە و کۆمەڵێك کەس بۆ ئەنجامدانی ئەرکێك یان بۆ هێنانەدی ئامانجێك، ملکەچی دەبن"[٦].

بەپێی ئەم دوو شێوە پێناسەکردنەی سەرەوە، دەبینین (دامەزراوە) لە چەند ڕەگەزێك پێك هاتووە، وەك: (چالاکی ڕێکخراو، ڕێسا و بنەما، تاکەکەسی مرۆڤ، ڕێکخستنی ناوخۆیی، سەربەخۆیی دەرەکی)، بەڵام بنچینەی جیاوازی هەریەك لەم دوو شێوە پێناسەکردنە، ئەوەیە کە هەریەکەیان بەتایبەتی بایەخ بە چەند ڕەگەزێکی (دامەزراوە) دەدات. دەستەی یەکەم: جەخت لە ڕەگەزی (ئیرادە و مرۆڤ) دەکات، بەڵام دەستەی دووەم جەخت لە ڕەگەزی (ڕێکخستن و ڕێسا) دەکات.

بۆیە زانایان بەپێی ڕەگەزی سەرەکی، جیاوازی لە نێوا دوو جۆر (دامەزراوە) دەکەن[٧]:

- دامەزراوە – مرۆڤ (المؤسسة – الأشخاص): بریتییە لەو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیانەی کە بەرهەمی ئیرادەی هاوبەشی مرۆڤن و بەمەبەستی بەدیهێنانی چەند ئامانجێک، یان ئەنجامدانی چەند ئەرکێک بۆ کاتێکی تاڕادەیەک هەمیشەیی پێکدەهێنرێن. نموونەی ئەم جۆرەش لە دامەزراوە بریتییە لە: (خێزان، خوێندنگە، کارگە، موڵکییەت، پڕۆژەی ئابووری، حکومەت، پەرلەمان، دادگا، دەوڵەت).

- دامەزراوە – شت (المؤسسة – الأشياء): بریتیە لەو ڕێکخستنەی کە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرک و چالاکیەکان لەناو (دامەزراوە – مرۆڤ) دادەنرێت، واتا لێرەدا دامەزراوە بریتیە لەو ڕێکخستنەی بۆ ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی سەروە دەکرێ. ئەم ڕێکخستنەش زۆربەی کات پێکهاتووە لە کۆمەڵێك بنەما و ڕێسای جێگیر بۆ ئەنجامدانی چەند چالاکی و ڕەفتار و ئەرکێك. نموونەی ئەم جۆرەش لە دامەزراوە بریتیە لە: (داب و نەریت، یاسا، دەستور، ڕێکار و ڕێکخستن).

لەڕوانگەی ئەو پێناسە و تێڕاوانینانەی سەرەوەدا، دەتوانین بڵێین (دامەزراوە – مرۆڤ) وەک ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی چەند تایبەتمەندی و سیفەتێکی هەیە، گرنگترینیان ئەمان[٨]:

١- هەر دامەزراوەیەک کۆمەڵێک تاکەکەس وەک ئەندام لەخۆدەگرێت، بەڵام لەگەڵ هیچ تاکەکەسێک لەم ئەندامانە هاودەق نییە، واتا بوون و بەرژەوەندییەکانی دەبێتە شتێکی گشتی و جیاواز لە بوون و بەرژەوەندی تایبەتی هەر تاکەکەسێك لەو ئەندامانەی کە پێکیانهێناوە، تەنانەت

(٥) مارسيل بريلو، علم السياسة، ترجمة: محمد برجاوي، ط ١، (بيروت - لبنان: منشورات عويدات، ١٩٧٤)، ص ص ١٢٣ - ١٢٤.

(٦) د.عصام سليمان، مدخل الى علم السياسة، ط ٢، (بيروت: دار النضال للطباعة والنشر والتوزيع، ١٩٨٩)، ص ص ٨٨ - ٨٩.

(٧) د. صادق الاسود، المصدر السابق، ص ٢٨٣.

(8) Roger Scruton, The Palgrave Macmillan Dictionary Political Thought, 3rd ed., (Great Britain: The Palgrave Macmillan, DPT., 2007), P. 333.

ئەگەر ئەندامەکانی یەک تاکەکەسیش بێت بۆنموونە وەک (دامەزراوەی موڵکییەت).

٢- هەر دامەزراوەیەک کەسایەتییەکی مەعنەوەی و یاسایی تایبەت بەخۆی هەیە، بەشێوەیەک کە دەبێتە خاوەنی ئیرادەیەکی جیاواز لە ئیرادەی ئەندامەکانی ناوی و دەتوانێت ماوف و ئەرکەکانی خۆی بەسەربەخۆیی لە ویستی ئەو ئەندامانەی پیادەبکات.

٣- هەر دامەزراوەیەک جۆرێک لە بەردەوامی هەیە، بەشێوەیەک ئەگەرچی هەر تاکە کەسێک لە ئەندامەکانی ناویشی بگۆڕێن یان لەناوبچن ئەوا ئەو لەناوناچێت و توانی مانەوەی هەیە.

٤- هەر دامەزراوەیەک بوونی خۆی لەڕێگای کردە و چالاکی ئەندامەکانی ناویەوە نمایش دەکات، بەڵام هاوکات جۆرێک لە ڕێکخستن و توانای سەپاندنی بۆ ئەو چالاکیانە هەیە بەشێوەیەک کە دواجار لەپێناو هێنانەدی ئامانج و بیرۆکەی گشتی دامەزراوەکەدا ئاراستەیان دەکات. بۆنموونە ئەو هێزە چەکدارانە کە سەر بە چەند دەستە و لایەنێکی جیاوازن، ئەگەر لە دامەزراوەیەکی سەربازی نیشتمانیدا ڕێکنەخرێن، ئەوا بوون و چالاکیان هیچ خزمەتێکی ئەوتۆی ئامانجە گشتییەکانی کۆمەڵگا ناکەن، جگە لەخزمەتی بەرژەوەندی ئەو کەس و دەستە و لایەنانەی کە خاوەنیانن.

لە هەر کۆمەڵگایەکدا ژمارەیەکی بێشومار ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی لەجۆری (دامەزراوە – مرۆڤ) هەیە. بەڵام بەگشتی پۆلێن دەکرێن بۆ دوو جۆر: دامەزراوە تایبەتییەکان (وەك: خێزان و کارگە و سەندیکا و گروپەکانی فشار و پارتە سیاسییەکان)، و دامەزراوە گشتییەکان (وەك: سەرۆکایەتی دەوڵەت و حکومەت و پەرلەمان و سوپا). هەرچی دامەزراوە تایبەتەکانە پەیوەستن بە هێنانەدی ئامانج و پێداویستیە تایبەتەکانی تاکەکەس و دەستە و گروپەکانەوە. بەڵام دامەزراوە گشتییەکان پەیوەستن بە ڕێکخستنی گشتی کۆمەڵگە و دەوڵەتەوە و بۆ هێنانەدی ئامانج و بەرژەوەندییە گشتییەکانن. دامەزراوە گشتییەکانیش دەکرێن بە دوو جۆرەوە: (دامەزراوە سیاسییەکان) و (دامەزراوە ناسیاسییەکان: سوپا، فەرمانگە، خوێندنگە)[٩].

بەهەرحاڵ، دەکرێت بووترێ (دامەزراوە) هەر ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵێک مرۆڤ لەخۆدەگرێت و تیایدا کار و چالاکییەکانیان بەپێی چەند ڕێسا و بنەمایەکی نوسراو و نەنوسراو ڕێکخراوە و هەمیشە لەپشت دروستکردنییەوە بیرۆکەی هێنانەدی پێداویستییەك یان ئامانجێك هەیە. ئەم ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە کاتێک دەبێتە (دامەزراوە) کە سیفەتی بەردەوامی و مانەوە وەربگرێت و ببێتە خاوەنی کەسایەتییەکی یاسایی، واتا بوون و بەرژوەندییەکانی ببێتە شتێکی گشتی و جیاواز لە بوون و بەرژەوەندی تایبەتی هەر تاکەکەسێك لەو کەسانەی کە پێکیانهێناوە، بەمەش سیفەتی بەردەوامی لە دامەزراوەکەدا بەرجەستە دەبێت، ئەگەرچی کەسەکانی ناویشی بگۆڕێن یان لەناوبچن[١٠]. کرداری بوون و گەشەکردن و کامڵ بوونی کۆی ئەم سیفەتانەش لە شتێک یان ڕێکخراوێکی مرۆییدا پێی دەوترێت (بەدامەزراوەییکردن – المأسسة).

(٩) د.عصام سليمان، المصدر السابق، ص ص ٨٩ - ٩٠.

(١٠) د.أحمد سعيفان، قاموس المصطلحات السياسية والدستورية والدولية: عربي - انجليزي – فرنسيـ ط ١، (بيروت: مكتبة لبنان ناشرون، ٢٠٠٤)، ص ص ٢٩٧ - ٢٩٨.

کەواتە، بەڕەچاوکردنی ئەو تێگەیشتنانەی سەروە بۆ (دامەزراوە)، دەتوانین پێناسەی چەمکی (بەدامەزراوەییکردن) بەوە بکەین کە بریتییە لە گەشەپێدان و چەسپاندی تایبەتمەندیەکانی دامەزراوە لە شتێک یان ڕێکخراوێکدا. واتە هەرکاتێک شتێک یان قەوارەیەک لە دۆخێکی کاتی و ناجێگیرەوە وەرچەرخا بەرەو شتێک یان ڕێکخراوێکی سەقامگیر و بەردەوام، کە بەپێی چەند بنەما و ڕێسایەکی تاڕادەیەک هەمیشەیی، لەپێناو بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی گشتیدا، پەیوەندی نێوان کۆمەڵێك کەس گرێبدات، بەشێوەیەک کەسایەتییەکی مەعنەوی بەدەستبهێنێ بیخاتە سەرووی ئیرادەی ئەو کەسانەی پێکیانهێناوە و لەدوای نەمانیشیان ئەو شتە یان ڕێکخراوە هەر بمێنێت و بەردەوامی بەمانەوەی خۆی بدات، ئەوا کۆی ئەم پرۆسەی وەرچەرخانە بریتییە لە (بەدامەزراوەییبوون).

**تەوەری سێیەم: گرنگی سیاسی بەدامەزراوەییکردن:**

لە بواری سیاسەتدا، بەدامەزراوەییکردن بریتییە لە کرداری پێکهێنانی چەند دامەزراوەیەکی سیاسی کارا، کە توانای هەبێت تاڕادەیەکی بەرچاوە سەنگ و سەقامگیریی هەبێت، بەمەش ئاستێک لە ڕەوایەتی بە مانەوە و بەردەوامی خۆی بدات. ئەم کردارەش بەبڕوای زۆرێک لە زانایانی سیاسەت کرۆکی پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتە. بەڵکو یەکێک لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان و کۆمەڵگا دواکەوتووەکان لەڕووی سیاسیەوە بریتییە لەوەی کە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان لەلایەن دەمەزراوەی سەقامگیروە بەڕێوەدەبرێن، بەڵام کۆمەڵگا دواکەوتووەکان لەلایەن چەند کەس و دەستە و هێزێکی نادامەزراوەوە فەرمانڕەوایی دەکرێن[(١١)].

هەرلەبەرئەم گرنگییەش، زۆرێک لە زانایانی سیاسەت بایەخیان بە پرۆسەی بەدامەزراوەییکردن داوە، لەوانەش زانای ئەڵمانی (ماکس ڤیبەر) و زانای ئەمریکی (صامۆیل هانتیگتۆن) و زانای ئیتاڵی (جیۆڤانی سارتۆری) یە.

بەبڕوای (ماکس ڤیبەر)، بەدامەزراوەییبوون مەرجی بەدەوڵەتبوونی هەر کۆمەڵگایەکی سیاسییە، لەبەرئەوەی دەوڵەت لای (ڤیبەر) ئەو دامەزراوەیەیە کە دەتوانێت تاکەکانی کۆمەڵگایەک لەسنورێکی جوگرافی دیاریکراودا پابەندی ملکەچبوون بە چەند بڕیارێکی مولزەم بکات، بۆیە لە دەوڵەتدا دەسەڵات تەنها لەڕێگای دامەزراوەوە دەتوانێت ڕەوایەتی خۆی بە دەستبهێنێت و تەنها لەو ڕێگایەشەوە ویست و بڕیارەکانی بسەپێنێت. لای (ڤیبەر) بەدامەزراوەییکردن، کە بە (بیرۆکراسیەت - Bureaucracy) ناوی دەبات، لوتکەی بە عەقڵانیکردنی دەسەڵاتە، ئەو دۆخەیە کە تیایدا دەسەڵات هەم شەرعییە و هەم مەشروعە، بە ڕەزامەندی خەڵک بەپێی یاسا هەڵدەبژێردرێت و بە یاساش حوکمی خەڵک دەکات. بۆیە دەسەڵات لە دۆخی بەدامەزراوەییبوندا یاسایی و عەقلانی و ناشەخسییە، ملکەچبوون بۆ ئەم دەسەڵاتە دامەزراوەییە ملکەچبوونە بۆ یاسا و ئیرادەی گشتی نەک بۆ ئەو کەسانەی کە ئەو دەسەڵاتە پیادەدەکەن[(١٢)].

---

(١١) د. كمال المنوفي، نظريات النظم السياسية المقارنة، ط ١، (الكويت: وكالة المطبوعات، ١٩٨٥)، ص ١٧.

(١٢) غني ناصر حسين القريشي، طبيعة التنظيم البيروقراطي والسلطة عند ماكس فيبر، موقع كلية الاداب، جامعة بابل، على الرابط الآتي: http://www.uobabylon.edu.iq/uobColeges/lecture.aspx?fid=8&lcid=11718

به ڕای (ڤیبەر) بەدامەزراوەییکردنی دەسەڵات هۆی سەرەکی وەرچەرخانی کۆمەڵگا ئەورووپییەکان بووە لە سیستمی فیۆداڵیەوە بۆ دەوڵەتی مۆدێرن، لەدوای ئەوەی بە سیستەمە پاشایەتییە ڕەهاکاندا گوزەریانکردووە. بۆیە خاسیەتی دەوڵەتی مۆدێرن، کە لەکۆمەڵگا دیموکراسییە پێشکەوتوەکاندا هەیە، ئەوەیە کە دەسەڵات تیایدا بەدامەزراوەییکراوە، بەپێچەوانەی کۆمەڵگا تەقلیدییەکان کە سەرچاوەی دەسەڵات تیایاندا دابونەریت و میرات و باوەڕبوون بە پیرۆزییەکانە. هەروەها بەپێچەوانەی کۆمەڵگا ڕاگوزەرەکان کە سەرچاوەی دەسەڵات هەژموون و لێهاتوویی کەسایەتیە کاریزمییەکانە[١٣].

کەواتە لای (ڤیبەر) بناغەی بونیادنانی دەوڵەتی مۆدرێن بریتییە لە بەعەقڵانیکردن و یاساییکردن و ناشەخصیکردنی دەسەڵات، ئەمەش کرۆکی پرۆسەی بە دامەزراوەییکردنە.

زانای ئەمریکی (صامۆیل هانتیگتۆن)، کە لە کتێبی (سیستەمی سیاسی لە کۆمەڵگا ڕاگوزەرەکاندا) بیروڕاکانی لەمەڕ ئەم بابەتە خستووەتەڕوو، بڕوای وایە کە دەکرێت لەهەر کۆمەڵگایەکدا چەندین دەستە و هێزی کۆمەڵایەتی جیاواز و ناکۆک هەبن ململانێ لەسەر فەرمانڕەواییکردنی ئەو کۆمەڵگایە بکەن، بەشێوەیەک کە هەریەکە هەوڵ بدات بۆ بەرژەوەی خۆی دەسەڵات و سامانەکانی ناو کۆمەڵگا بۆخۆی قۆرغ بکات، بێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی و بیروڕای ئەوانیتر، بەڵام لەبەرئەوەی دواجار هیچ هێزێک ناتوانێت تاسەر بەهێزبێت، هەمیشە پێکدادان و نائارامی لەنێوان ئەم هێزانەدا ڕوودەدات، بۆیە باشترین دەرچە بۆ دەربازبوون لەم دۆخە بریتییە لە پێکهێنانی چەند دامەزراوەیەکی سیاسی گشتی و بەهێزی ئەوتۆ، کە بتوانێت سەرلەنوێ فەرمانڕەواییکردنی کۆمەڵگا بەشێوەیەک ئاڕاستە بکات کە هیچ هێز و دەستەیەک نەتوانێت بێ ڕەچاوکردنی کۆڕایی و بەرژەوەندی گشتی دەسەڵات پیادە بکات[١٤]. بەڕای (هانتیگتۆن) ئەم پرۆسەیە، کەناوی دەنێت (بەدامەزراوەییکردن) ڕەهەندێکی سەرەکییە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی یەکبووی ئارام، کە لە دەوڵەتە هاوچەرخەکاندا بەرجەستە دەبێت. چونکە لای ئەو هەریەک لە (کۆڕایی گشتی) و (بەرژەوەندی گشتی) دوو رەگەزی بنەڕتینن بۆ بونیادنانی ئەم جۆرە دەوڵەتانە، بەڵام بەردەوامی پێدانی ئەم دوو ڕەگەزە بەبێ بوونی ڕەگەزی سێیەم، کە بریتیە لە پێکهێنانی (دامەزراوە سیاسییەکان) کارێکی ئەستەمە[١٥]. بۆیە لای (هانتیگتۆن) دەکرێ جیاوازی نێوان کۆمەڵگاکان، هەروەها جیاوازی نێوان ئەو ڕێکخراو و دەزگایانەش کە ئەم کۆمەڵگایانە پێک دەهێنن، بەپێی پلەی بەدامەزراوەییکردنیان بپێورێن. (بەدامەزراوەییکردن) یش ئەو پرۆسەیەیە کە لەڕێگایەوە دامەزراوەکان، لەوانیشەوە کۆمەڵگا و دەوڵەتەکان، لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی و ڕەزامەندی زۆرینەدا، سەقامگیری و بەردەوامی بەدەستدەهێنن[١٦].

لە تێڕوانینی (هانتیگتۆن)دا بەدامەزراوەییکردن پرۆسەیەکە قابیلی پێوانەکردنە، کە دەکرێت لە

(١٣) د. حنان علي عواضة، السلطة عند ماكس فيبر، مجلة الأستاذ: مجلة علمية محكمة فصلية تصدرها كلية التربية ابن رشد للعلوم الساسية - جامعة بغداد، العدد ٢٠٦، المجلد الأول، ٢٠١٣، ص ص ٢٧١-٢٧٥.

(١٤) د. صموئيل هانتنتون، النظام السياسي لمجتمعات متغيرة، ترجمة: سمية فلوعبود، ط ١، (بيروت - لبنان: دار الساقي، ١٩٩٣). ص ص ١٧ - ١٨.

(١٥) المصدر نفسه. ص ١٩.

(١٦) المصدر نفسه. ص ٢١.

هەر کۆمەڵگایەکدا پلەی بەرەوپێشچوونی یان شکستخواردنی بە پێوەرێک یان زیاتر بپێورێت، وەک: ڕادەی توانای خۆگونجاندن و چەقبەستوویی ئەو دەستە و هێز و قەوارانەی کە لە دۆخی وەرچەرخاندان بەرەوە بەدامەزراوەییبوون، هەروەها ڕادەی ئاڵۆزی و سادەییان، و ڕادەی سەربەخۆیی وپاشکۆییان، و ڕادەی یەکانگیری و لێکترازان لەناویاندا[17].

بەپێی ئەم بیروڕایانەی (هانتیگتۆن) دەتوانین بڵێین: ئاستی بەدامەزراوەییبونی دەستە و هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەهەر کۆمەڵگایەکدا، نیشانە و ئاماژەیە بۆ ڕادەی گەشەکردن و تازەگەری و پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایە.

بەڕای (جیۆڤانی سارتۆری) بەدامەزراوییکردن، کە ناویناوە (کامڵبوونی بونیادی – Structural Consolidation) ڕەگەزێکی گرنگی بە فۆرمەڵەبوونی هەر کۆمەڵگایەکە وەک دەوڵەت. لای ئەم ئیستا کۆمەڵگا سیاسیەکانی جیهان دوو جۆرن، ئەوانەی وەک دەوڵەت فۆرمەڵەبوون ( Formed States) ئەوانەش کە وەک دەوڵەت فۆرمەڵەنەبوون (Formless States)، ئامرازێکی سەرەکیش بۆ فۆرمەڵەبوونی کۆمەڵگایەک وەک دەوڵەت بریتییەلە بەدامەزراوییکردنی (دەستەبژێری حوکمڕان) بەتایبەت بەشێوەی حیزبی سیاسی جەماوەری بەهێز[18]. بەڵام لەبەرئەوەی (سارتۆری) لەلایەنگرانی (قوتابخانەی دەستەبژێرییە – مدرسة النخبة) پشتگیری تێزی دیموکراسی کلاسیک ناکات کە حوکمڕانی گەل یان جەماوەر بە کرۆکی دیموکراسی دەزانێت، بەڵکو لای سارتۆری لەکۆنیش و لە ئیستاشدا هەمیشە حوکمڕانی لەدەستی نوخبەدا بووە نەک جەماوەر، ئەمجا بۆئەوەی ناکۆکی لەنێوان حوکمی نوخبە و دیموکراسیدا نەبێت، پێویستە نوخبەی دەسەڵاتدار بەوشێوەیە حوکم بکات کە بەرژەوەندی جەماوەر یان لانی کەم زۆرینەی گەل بهێنێتەدی. چونکە دیموکراسی لای (سارتۆری) پرۆسەی دانانی بڕیارەکانە بەشێوەیەک کە تیایدا فەرمانڕەواکان (نوخبەی دەسەڵاتدار) وەڵامی خواستی فەرمانکراوەکان (جەماوەر) بداتەوە[19]. دیارە باشترین ئامرازیش بۆ ئەم شێوازە لە حوکمڕانی لای (سارتۆری) بەدامەزراوەییکردنی نوخبەی دەسەلاتدارە وەک حیزبی جەماوەری بەهێز.

دیارە، گرنگی ئەم تێڕوانینەی (سارتۆری) بۆ بەدامەزراوەییکردن لەوەدایە کە پەیوەستی دەکات بەو کۆمەڵگایانەوە کە تیایاندا حزبەکان ڕۆڵی کاریگەر دەبینن، ئەمەش بۆ ئەم توێژینەوەیە جێی بایەخە لەبەرئەوەی گەورەترین ئاستەنگی بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پیشمەرگە ئەوەیە کە تائێستا لەژێر هەژمونی توندی حیزبە سیاسییە دەسترۆیشتووەکانی هەرێمی کوردستاندایە.

(١٧) المصدر نفسه. ص ص ٢٢ - ٣٤.

(١٨) أحمد أمل، الاثنية والنظم الحزبية في افريقيا "دراسة مقارنة"، (المكتب العربي للمعارف، ٢٠١٥)، ص ص ٣٢٣-٣٢٥.

(١٩) إبراهيم ابراش، العالم العربي من ديمقراطية متعثرة لحكامة منشودة، من موقع الحوار المتمدن، على الرابط الآتي: http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=242167&r=0

## باسی دووەم: ناساندنی پێشمەرگە

ئەم باسە تەرخانکراوە بۆ ناساندنی پێشمەرگە، کە پێکهاتووە لە سێ تەوەر، لە تەوەری یەکەمدا باسی وشەی پێشمەرگە دەکەین، لە تەوەری دووەمدا پێناسەی پێشمەرگە دەکەین، بەڵام لە تەوەری سێیەمیدا گرنگی بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە دەخەینەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

### تەوەری یەکەم: وشەی پێشمەرگە:

لەڕووی زمانەوانییەوە، وشەی (پێشمەرگە) وشەیەکی ئاوێتەیە پێکهاتووە لە پێشگری (پێش) لەگەڵ وشەی (مەرگ) کە هاواتای (مردن)ە[٢٠]. هەرچەندە ئەم وشەیە بۆ ناولێنانی چەکدارانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەکاردەهێنرێت بەڵام وشەی (پێشمەرگە) واتای جۆراوجۆر دەگەیەنێت، بۆ نمونە واتا ئەو کەسەی کە (پێش مەرگ دەکەوێت) لە جەنگ و خەباتی زگارکردنی نیشتمان و نەتەوەکەیدا، یان لە پێناو زگارکردنی نیشتمان و نەتەوەکەیدا (پێشبڕکێ لەگەل مەرگ دەکات)، یان لەوپێناوەدا وەک قوربانی (ڕوحی پیشکەش بە مەرگ دەکات)، یان لەوپێناوەدا وەک بەرگریکارێک (بەمەرگی خۆی پێش لە مەرگی نەتەوەکەی دەگرێت)، یان لە جەنگی ڕزگاری نیشتمانەکەیدا (پێش مەرگ زەبر بە دوژمنانی دگەیەنێت). بەڵام بەدەر لەم لێکدانەوە زمانەوانیانە بەپێی هەندێک فەرهەنگی کوردی وشەی پیشمەرگە بۆ واتاکانی (چەکداری ڕزگاری خواز) و (سەرباز) بەکاردێت[٢١]. هەروەها لای هەندێک فەرهەنگێر وشەی پێشمەرگە (Pêşmerge) ئاماژەیە بۆ: "هەر سەربازێک یان جەنگاوەرێک لە چەکدارانی شۆرشی کورد لە کوردستانی عێراق و کوردستانی سوریا"[٢٢]. بەم واتایە ناوی پیشمەرگە تەنها بۆ شۆڕشگێرانی کورد لە باشور و ڕۆهەڵاتی کوردستان بەکاردێت، نەک بۆ شۆڕشگێرانی کورد لە تورکیا و سوریا، بەڵکو لە باکوری کوردستان پێی دەوترێت (گەریلا)، لە ڕۆژئاوی کوردستانیش پێی دەوترێت (شەڕڤان).

سەبارەت بە مێژووی داهێنانی وشەی (پیشمەرگە)ش ڕای جیاواز هەیە، بەڕای هەندێک وشەکە کۆنە و وەک هەر وشەیەکی باو لە فەرهەنگی کوردیدا ناتوانرێت ساتێکی دیاریکراو بۆ داهێنان و یەکەمین بەکارهێنانی دیاری بکرێت. بەڵام بەڕای هەندێکیتر وشەیەکی تازەیە و سەرەتای داهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوو، کاتێک ساڵی ١٩٤٦ بۆ ناولێنانی هێزی سەربازی کورد لە کۆماری مهاباد ناوی (پێشمەرگە) پێشنیارکرا. بەڵام بەڕای هەندێکیتر یەکەمین بەکارهێنانی وشەی پێشمەرگە لەلایەن (ئیبراهیم ئەحمەد)ەوە بووە، کاتێک بۆ ناولێنانی باڵی سەربازی

---

(٢٠) معني كلمة البيشمركة، من أين جاءت تسمية البيشمركة، منتديات درر العراق، من الانترنيت على الرابط الآتي: https://www.dorar-aliraq.net/threads/98322

(٢١) عبدالرحمن شرفكندي (هەژار)، هەمبانەبورینە "فرهنگی کوردی – فارسی"، چ ٤، (تهران: سروش، ١٨٣٤هـ)، ل ١٣٣.

(٢٢) على سيدو گوراني، القاموس الكردى الحديث: كردي-عربي،، (عمان-الاردن: شركة الشرق الأسط للطباعة، ١٩٨٥)، ل ٤٢٤.

(پارتی دیموکراتی کورد) کە ساڵی ١٩٤٦ دامەزراوە وشەی پێشمەرگەی پێشنیارکردووە. بەڵام بەپێی هەندێک بۆچوون وادەردەکەوێت، لەناو ئەم سێ رایەدا، ڕای دووەم لەوانیتر پەسەندتربێت[٢٣].

**تەوەری دووەم: پێناسەی پێشمەرگە:**

سەرهەڵدانی (پێشمەرگە) وەک هێزێکی چەکداری ڕزگاریخوازی کورد مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست، بەدرێژایی ئەو کاتەش تا ئیستا بە چەندین قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕیووە، لەبەرئەمە پێناسەی جیاوازیش بۆ ئەم هێزە کراوە، بۆیە لەڕووی زانستییەوە ناتوانین پێناسەیەکی پراوپڕ بۆ (پێشمەرگە) دیاریبکەین، بەڵام بەگشتی دەکرێت ئەو پێناسانەی بۆ ئەم چەمکە کراون دابەش بکەین بۆ دوو ئاست، ئاستی نافەرمی و ئاستی فەرمی.

لەسەر ئاستی نافەرمی، پێشمەرگە لە تێڕوانینی کورد خۆیدا بریتییە لە: "هەر کەسێک کە لەپێناوی ڕزگارکردنی نیشتمان و نەتەوەی کوردا گیان وماڵی خۆی بکاتە قوربانی". بەڵام لەدەرەوەی تێڕوانینی کورد، پێشمەرگە لای هەندێک لە چاودێرانی عەرەب: "بریتییە لەو گروپە چەکدارەکانی کورد، کە لەسەرەتای سەدەی بیستەوە دروستبوون و جەنگ و هێرشی پارتیزانیان لەدژی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق ئەنجامداوە و ئێستا بناغەی بونیادنانی سوپایەکن بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق"[٢٤]. لە تێڕوانینی چاودێرانی بیانیشدا، لای هەندێکیان: "پێشمەرگە سوپای کوردستانی عێراقە"[٢٥]، بەڵام لای هەندێکیتر: "هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانی عێراق ڕێکخراوێکی ئەمنی ئاڵۆز و فرە وەلائن، کە لە یەک کاتدا وەلائیان دابەشبووە بەسەر دەوڵەتی عێراق و حکومەتی هەرێم و پارتە سیاسییە [کوردییە] جیاجیاکان و کەسایەتیە بەهەژموونەکان[لە ناو کورد وپارتەکانیدا]. بۆیە دەکرێت [هێزەکانی پێشمەرگە] لەکاتی جیاجیادا – هەندێک جاریش لە هەمان کاتدا – بە هێزێکی نیشتمانی [عێراقی] و هەرێمی [کوردستانی] و حیزبی و شەخسیش وەسف بکرێن"[٢٦]. هەڵبەت بەشێک لەم تێڕوانینە لەسایەی بەشداریکردنی بەرچاوی پێشمەرگە بوو لە پاڵ سوپای عێراقی لە جەنگی دژی داعشدا.

لەسەر ئاستی فەرمیش دەکرێت جیاوازی بکەین لەنێوان تێڕوانینی یاسایی هەرێمی کوردستان و

(٢٣) هێـرش فاضـل نـامق، کاریگەرییەکـانی هێـرشی ڕێکخـراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەسـەر بـواری سـەربازی هەرێمی کوردستان، ماستەرنامەی (بڵاونەکراوە)، کۆلێجی یاسا وسیاسەت، زانکۆی صەلاحەدین – هەولێر، ٢٠١٧، ل ل ٨٩-٩٠.

(٢٤) موسوعة الجزيرة، البشمركة، من موقع الجزيرة نيت، على الرابط الآتي:
http://www.aljazeera.net/encyclopedia/movementsandparties/2015/3/8/البيشمركة

(25) Feike Michael G. Lortz, Willing to Face Death: A History of Kurdish Military Forces — the Peshmerga — from the Ottoman Empire to Present-Day Iraq, (Florida State University: College of Social Sciences, 2005), P. 1. Available at this link:
https://fsu.digital.flvc.org/islandora/object/fsu:175614/datastream/PDF/view

(26) Feike Fliervoet, Fighting for Kurdistan? Assessing the nature and functions of the Peshmerga in Iraq, CRU Report, (Netherland: The Clingendael Institute, March 2018), P. 1. Available at this link: https://www.clingendael.org/pub/2018/fighting-for-kurdistan/

تێڕوانینی یاسایی حکومەتی عێراقی. سەبارەت بە تێڕوانینی هەرێمی کوردستان دەگەڕێینەوە بۆ یاسا کارپێکراوەکان لەم بوارەدا، یەکێک لەو یاسایانەش بریتییە لە یاسای (ڕێزلێنانی پیشمەرگە) کە ساڵی ١٩٩٢ دەرچووە، ئەم یاسایە لە بڕگەی (٢)ی مادەی (١) یدا وا پێناسەی پێشمەرگەی کردووە کە بریتییە لە "هەر کەسێ چووبێتە ڕیزی شۆڕشەوە لە ڕووی سیاسی یان سەربازییەوە خەباتی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کردبێ و لێیانی لانەدابێ و هاوکاریی لەگەڵ دوژمنانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا نەکردبێ". کەواتە بەپێی ئەم دەقە پێشمەرگە (هەرکەسێکە کە لە ڕیزی شۆڕشدا بووبێت)، بەپێی بڕگەی (١)ی هەمان مادەش مەبەست لە شۆڕش: "شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردستانییە کە لە ١٩٦١/٩/١١ ەوە هەڵگیرسا"[٢٧].

هەرچەندە ئەم دەقە پێناسەیەکی تاڕادەیەک دیاریکراوی بۆ پێشمەرگە کردووە، بەڵام کەموکورتی پیناسەکە لەوەدایە کە تەنها ئەو چەکدارە ڕزگاریخوازە کوردانەی بە پێشمەرگە ئەژمارکردووە کە لە ١٩٦١/٩/١١ ەوە چوونەتە ڕیزی شۆڕشەوە، لە کاتێکدا دەزانین چ مێژووی دەرکەوتنی پیشمەرگە و چ مێژووی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردیش بۆ کاتێکی زۆر لەوە کۆنتر دەگەڕێتەوە، بەتایبەت شۆڕشەکانی (شێخ مەحمودی حەفید - ١٩١٩) و (شیخ ئەحمەدی بارزان - ١٩٢٠) و (شێخ سەعیدی پیران - ١٩٢٣). هۆکاری ئەم کەموکوورتیەش ئەوەیە کە یاساکە بۆ مەبەستی دارایی و خانەنشینکردن دەرچووە، نەک بۆ دیاریکردنی پیگەی یاسایی پێشمەرگە. لەگەڵ ئەوەی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم یاسایە هەڵوەشایەوە و یاسایەکی نوێ لەجێی دانرا بەڵام ئەمیش بەهەمان شێوە وا پێناسەی پێشمەرگە دەکات کە بریتییە لە "هەرکەسێک پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردبێ و لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانیدا بەشێوازی سیاسی سەربازی تێکۆشابێ"، لێرەشدا شۆڕش ئاماژەیە بۆ: "شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستان کە لە ١٩٦١/٩/١١دا هەڵگیرسا"[٢٨]، کەواتە هەمان ئەو کەموکورتیانەی لە یاساکەی پێشوودا هەبوون لەم یاسا نوێیەشدا هەرماون.

هەر لە چوارچێوەی تێڕوانینی فەرمی هەرێمی کوردستاندا، دەتوانین دەرچوواندنی (یاسای وەزارەتی کاروباری پیشمەرگە) لە ساڵی ١٩٩٢ بکەینە سەرچاوەیەکی ناڕاستەخۆ بۆ پێناسەکردنی پیشمەرگە. ئەم یاسایە لە بنەڕەتدا بۆئەوە دەرچووە تا (وەزارەتی پێشمەرگە) وەک (وەزارەتی بەرگری هەرێمی کوردستان) دابمەزرێنێت، بۆیە هیچ پیناسەیەکی بۆ (پیشمەرگە) نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند دەقێکی تێدایە ناڕاستەوخۆ وا نیشاندەدات کە یاسادانەری هەرێم وەک (سوپا) یان وەک (هێزی سەربازی نیزامی) مامەڵە لەگەڵ پێشمەرگە دەکات. لە گرنگترین ئەو دەقانەش کە لە یاساکەدا هەن مادەی (٣) یە کە دەڵێت: "وەزارەت ئەم کاروبارانە دەگرێتە ئەستۆ: ١) ئەرکی پارێزگاری لە یەکێتی کوردستانی عێراق دەگرێتە ئەستۆ چ لەڕووی خاک و چ لەڕووی گەلەوە و لە ڕووی هەموو دەسدرێژییەک دەوەستێ لە هەر لایەکەوە بکرێتە سەری. ٢) وەزارەت ئەو ئەرکەی لە

(٢٧) بڕوانە: مادەی (١) لە یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە ژمارە (٩) ساڵی ١٩٩٢.

(٢٨) بڕوانە: بڕگەی (یەکەم و دووەم) لە مادەی (١) لە یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێمی کوردستان – عێراق) ژمارە (٣٣) ساڵی ٢٠٠٧.

بەندی (١)ی سەرەوەدا ووتراوە بەجێ دێنێ لە ڕێگەی: أ- دەستنیشانکردنی ژمارەی پێویست لە پیشمەرگە و یەکخستنی هێزەکانی. ب- پێکهێنانی وەحداتی نیزامی. ج- مەشق پێکردن و سازدانیان و... ج- دابین کردنی گشت پێداویستییەکانی چەکداری و...". ئەمجا مادەی (٤) کە دەڵێت: "... وەزارەت بۆی هەیە دەستەیەکی کاتی لە کارمەندان وپسپۆڕانی کاروباری پیشمەرگە و سەربازی، بۆ دەستنیشانکردنی ژمارەی پیشمەرگە و یەکخستنیان پێک بێنێ". هەروەها مادەی (٧) کە دەڵێت: "قەوارەی ڕێکخستنی وەزارەت بەپەیڕەوێکی تایبەتی ئامادە دەکرێ بە جۆرێک کە ئامانجەکانی بەدیبێنێ وکاروباری پیشمەرگە لەڕووی سەربازی و ئیداری و دارایی و هونەرییەوە بەڕێوەببا". لەهەمووی ئەم دەقانەش گرنگتر، (هۆیەکانی دەرکردنی یاساکە)یە کە دەڵێت: "لەبەر پێویستی یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان وپێویستی هەرێمی کوردستان بەهێزێکی ڕێک وپێک بۆ پاراستنی ئاسایش وچەسپاندنی دەسەڵاتی یاسا تیایدا وبەرگری لێکردنی بەخاک و گەلییەوە... ئەم یاسایە دەرکرا"[٢٩]. کەواتە لەژێر ڕۆشنایی ئەم دەقانەدا دەکرێت ناڕاستەوخۆ لەتێڕوانینی فەرمی هەرێمی کوردستاندا وا پێناسەی پێشمەرگە بکرێت کە (بریتییە لە سوپا، یان هێزی سەربازی نیزامی هەرێمی کوردستان) هەرچەندە ئەم پێناسەیە لە هیچ دەقیکی یاساکەدا نەهاتووە، بەڵام وەک پێشتر ووتمان بەو دەقانە وەک (سوپای هەرێم) مامەڵە لەگەڵ پێشمەرگە دەکات، یان بەلایەنی کەم دەیەوێت (پێشمەرگە بکاتە دامەزراوەیەکی سەربازی نیزامی بۆ هەرێمی کوردستان).

لە ساڵی ٢٠٠٧ یاسای کاروباری پیشمەرگە هەڵوەشایەوە ویاسایەکی نوێ بۆ پێشمەرگە دانرا، کە بەهەمان ڕەوتی یاسای پێشوو هیچ پێناسەیەکی بۆ پێشمەرگە نەکردووە، لە زۆربەی دەقەکانیشیدا هەمان تێڕوانینی یاساکەی پێشووی دوبارەکردووەتەوە لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک دەستکاری و نوێکردنەوەی بەرچاو لەیاساکەدا کراوە لەپیناو سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە یەکێک لەو ئەرکانەی بۆ وەزارەتی ناوبراو زیادکراوە بریتییە لە "پاڵپشتی کردنی حکومەتی فیدراڵ لە بەرگری کردن لە سەروەری و ئاسایشی عێراق بەپێی دەستوری فیدراڵی و دەستوری هەرێم و...". ئەرکێکیتری بریتییە لە: "دامەزراندنی پێکهاتە و یەکەی نیزامی سەربازی و مەشق پێکردنیان لەسەر هەموو هونەرێکی جەنگ و فێرکردنی زانستییە نوێیەکان، تاکو شیاو بن بۆ بەرگری کردن لە هەرێمی کوردستان". وەک دەبینین ئەم دەقانەش بەشێوەی یاساکەی پیشوو دەخوازێت ناڕاستەوخۆ پیشمەرگە وەک (هێزی سەربازی نیزامی هەرێمی کوردستان) پێناسە بکات، بەڵام هاوکات وەک (بەشێک لە سوپای عێراق)یش وێنای دەکات، ئەمەش بەتەواوی لە (هۆیەکانی دەرکردنی یاساکە)دا درکێنراوە کە دەڵێت: "لەبەر پێویستی هەرێم بۆ هێزێکی نیزامی بۆ پاراستنی هەرێم و بەرگری کردنی لێی و دابین کردنی بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی و پاڵپشتی و بەشداری کردن لە هێزەکانی عێراقی فیدراڵ لە کاتی پێویستدا، ئەم یاسایە دەرکرا"[٣٠]. هەڵبەت ئەم پەرەپێدانە لە پێناسەی پیشمەرگەدا پەیوەستە بەو گۆڕانکاریانەوە کە لە ٢٠٠٣ دا ڕوویدا کاتێک پیشمەرگە

(٢٩) مادەی (٣، ٤، ٧، هۆیەکانی دەرکردن) لە یاسای وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە ژمارە (٥) ساڵی ١٩٩٢.

(٣٠) بڕوانە: بڕگەی (سێیەم و چوارەم) لە مادەی (٢) و (هۆیەکانی دەرکردن) لە یاسای وەزارەتی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١٩) ساڵی ٢٠٠٧.

هاوشانی هێزەكانی هاوپەیمانان لە پرۆسەی ئازادكردنی عێراق و لادانی ڕژێمی بەعسدا چەند ڕۆڵێكی پێدرا.

سەبارەت بە تێڕوانینی یاسایی حكومەتی عێراقیش بۆ (پێشمەرگە) ئەوا تا ئیستا پێناسەیەكی دیاریكراوی بۆی نیە. نەلەسەر ئاستی دەستوری و نە لەسەر ئاستی یاسایی. هەرچەندە دەستوری عێراقی ساڵی (٢٠٠٤)[٣١] بواری بە هەرێمی كوردستان داوە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ و پۆلیسی هەرێمی لەدەستدا بمێنێت[٣٢]، بەڵام هیچ ئاماژەیەكی بۆ پیشمەرگە نەكردووە، بەڵكو دەسەڵاتی داڕشتن و جێبەجێكردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی و پێكهێنانی هێزی چەكداری بۆ حكومەتی مەركەزی تەرخانكردووە[٣٣]. دەستوری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) یش، تاڕادەیەكی زۆر هەمان ئەم تێڕوانینانەی دووبارەكردووەتەوە، بەڵام لە دەقێكیدا دانی بەوەداناوە كە هەرێمەكانی عێراق (كە لە ئێستا تەنها هەرێمی كوردستانە) دەسەڵاتی "پێكهێنان و ڕێكخستنی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆی تایبەت بە خۆیان هەبێت وەک پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم"[٣٤]. كە بەبڕوای هەندێک لەم دەقەدا دەستەواژەی (پاسەوانی هەرێم - حرس الإقليم) ئاماژەیە بۆ (پێشمەرگە)[٣٥]، بۆیە بەپێی ئەمەش پێشمەرگە لە پێناسەی حكومەتی ناوەندی عێراقدا (بریتییە لە هێزی پاسەوانیكردنی سنوری هەرێمی كوردستان). هەر لەبەر مەبنای ئەم پیناسەیەشدا و لەپیناو هاوتەریبكردنی تێڕوانینی هەرێم لەگەڵ عێراقدا، دەبینین زۆربەی ئەو یاسایانەی كە لە دوای ٢٠٠٥ ەوە لە هەرێمی كوردستان دەرچوون و پەیوەستن بە كاروباری پێشمەرگەوە، لە پاڵ وشەی (پیشمەرگە)دا دەستەواژەی (زێرەڤانی هەرێم)[٣٦] بەكارهێنراوە، كە ئەم دەستەواژەیەش هەمان واتای (پاسەوانی هەرێم) دەگەیەنێت.

لەكۆی ئەم پێناسانەی سەرەوەدا، بەبڕوای ئێمە پێناسەی نافەرمی كورد بۆ پیشمەرگە باشترینە، بەڵام بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە، پشت بەو تێڕوانینە یاساییە دەبەستین كە ناڕاستەوخۆ لە پێناسەی فەرمی هەرێمی كوردستاندا هەڵێنجراوە.

### تەوەری سێیەم: گرنگی بەدامەزراوەییكردنی هێزەكانی پێشمەرگە:

جێی خۆیەتی لێرەدا دوای ناساندنی چەمكی بەدامەزراوەییكردن و پیشمەرگە، ئەوە ڕوون

(٣١) دەستوری كاتی عێراق ساڵی ٢٠٠٤ ناسراوە بە (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە).

(٣٢) بڕوانە: مادەی بڕگەی (أ) لە (٥٤)ی دەستوری كاتی عێراق ساڵی.

(٣٣) بڕوانە: مادەی بڕگەی (ب) لە (٢٥)ی دەستوری كاتی عێراق ساڵی ٢٠٠٤.

(٣٤) بڕوانە: بڕگەی (پێنجەم) لە مادەی (١٢١)ی دەستوری كۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.

(٣٥) خەلیل عەبدوڵا، شوێنی پیشمەرگە لە دەستوری عێراقدا، گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە، ژمارە ١٠٨) و (١٠٩)، دیسەمبەری ٢٠٠٩، ل ٦١.

(٣٦) بڕوانە ناونیشان و دەقەكانی هەریەک لەم یاسایانە: یاسای وەزارەتی پێشمەرگە لە هەرێمی كوردستان - عێراق ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٧؛ یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێمی كوردستان ـ عیراق) ژمارە (٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٧؛ یاسای خانەنشینی كەمئەندامانی پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێمی كوردستان ـ عیراق) ژمارە (٣٤)ی ساڵی ٢٠٠٧؛ یاسای ڕاژە و خانەنشینی پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێمی كوردستان) ژمارە (٣٨)ی ساڵی ٢٠٠٧.

بکەینەوە کە لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە (پرۆسەی بە دامەزراوییکردنی هێزەکانی پیشمەرگە) چییە. ئاشکرایە کە پێشمەرگە، بەر لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ و دوای ڕاپەڕینیش، لە چەندین قۆناغ و ساتی مێژوویی گرنگدا تاکە هێزی بەرگریکردن بووە لە شوناس و مافە ڕەواکانی کورد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە درێژایی ئەو مێژووە پێشمەرگە ئامرازێکی کارابووە لە ململانێ ناوخۆییەکانی نێوان پارتە کوردییەکان و تیوەگلان لە قوڵکردنەوەی ناتەبایی نێوانیان و گەلێک جاریش بەکارهێنانی لە یەکلایکردنەوەی ناکۆکیەکانی نێوانیان بە شەڕی ناوخۆ و براکوژی. لە زۆربەی قۆناغەکانی ئەو مێژووەدا پێشمەرگە ئەوندەی چەند هێزێکی پەرتەوازەی فرە مەرجەعی حیزبی و شەخصی بووە، ئەوەندە هێزێکی یەکگرتووی تاک مەرجەعی نیشتمانی و نەتەوەیی نەبووە، چەندێک بۆ بەرگریکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی کورد بەکارهێنراوە ئەوەندەش بۆ پێکدادانی نێوان لایەنە کوردییەکان و تێکشکاندنی یەکتری بەکارهێنراوە. بۆیە لەئێستادا پیشمەرگە لانی کەم دابەشبووە بەسەر چوار تا پێنج هێز و یەکەی جیاجادا، کە بریتین لەهەر یەک لە یەکەکانی (٧٠)ی سەر بەیەکێتی نیشتمانی کوردستان، یەکەکانی (٨٠)ی سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستان، یەکەکانی سەر بە وەزارەتی پیشمەرگە، یەکەکانی (زێرڤانی) کە بەشێکی لەڕووی موچەوە سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، لەناو کۆی ئەم یەکانەشدا هەندێ یەکەی تایبەت بە چەند کەسایەتییەکی دەسترۆیشتووی ناو حیزبەکان هەیە. گەلێک جار هەریەک لەم یەکانە جۆرێک ڕێکخستنی هەیە کە جیاوازە لە جۆری ڕێکخستنی ئەوانیتر[٣٧]. لەسایەی ئەم دۆخەشدا ئەستەمە پیشمەرگە وەک یەک هێزی یەکگرتووی نیشتمانی ودامەزراوەیی ئەژماربکرێت. هەر لەبەرئەمەیە لەم توێژینەوەیەدا زیاتر دەستەواژەی (هێزەکانی پێشمەرگە) بەکاردەهێنرێت نەک دەستەواژەی (هێزی پێشمەرگە).

یەکێک لەسەرچاوکانی بەردەوامبوونی ئەم دۆخەش ئەوەیە کە تائێستا نەتوانراوە هێزەکانی پیشمەرگە وەک دامەزراوەیەکی نیشتمانی یەکگرتوو یەکبخرێن، تا ئیستا نەتوانراوە لەسەر یەک وەلاء و عەقیدەی سەربازی قاڵبکرێن، تائیستا نەتوانراوە وەک دەزگایەکی سەربازی پیشەگەر ڕێکبخرێنەوە، تائیستا نەتوانراوە وەک کەسایەتییەکی مەعنەوەی و یاسایی تۆکمە لە هەژموونی حیزب و کەسایەتییە دەسترۆیشتووەکانی ناو ئەم حیزبانە سەربەخۆ بکرێن. تا ئێستا نەتوانراوە وەک قەوارەیەکی خاوەن سەرچاوەی دارایی و کارگێڕی سەربەخۆ بونیادبنرێتەوە، لەسایەی هەموو ئەمەشدا مەبەست لە بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پیشمەرگە هەوڵدانە بۆ بەدیهێنانی هەموو ئەم پێویستییانە کە تا ئێستا بەڕێژەیەکی بەرچاو نەکراوەن. بۆیە بەدامەزراوەییکردنی پیشمەرگە واتا یەکخستنی کۆی هێز و یەکە حیزبی و شەخسییە جیاجیاکانی لەسەر یەک عەقیدەی سەربازی نیشتمانی پیشەگەر و لەپشت یەک مەرجەعییەتی یاسایی و لەیەک دامەزراوەی خاوەن کەسایەتی مەعنەوەی سەربەخۆ لەڕووی دارایی و کارگێڕیی و لەژێر ڕکێفی یەک سەرکردایەتی مەدەنی دیموکراتدا.

هەرچەندە تا ئێستا لە پێش ڕاپەڕین و لە دوای ڕاپەڕینیش، لەسەر ئاستی ناوخۆیی هەرێمی

---

(٣٧) جەبار یاوەر (ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە)، چاوپێکەوتن - بەرنامەی تاوتوێ (ئایا وەزارەتی پێشمەرگە دەتوانێت چاکسازی بکات؟)، ٢٠١٨/١١/٢٧، کەناڵی (NRT) لەسەر ئەم بەستەرە:
http://www.nrttv.com/media-Barname-detail.aspx?pid=606&CatID=1

کوردستان و عێراق و لەسەر ئاستی دەرەکی و هێزە نێودەوڵەتییەکانیش چەندین هەنگاو لەپێناو بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە نراوە، بەڵام بەهۆی بوونی چەندین بەربەستی جۆراوجۆر زۆرێک لە وهەنگاوانە بە ئاکام نەگەیشتوون یان بەڕێژەیەکی بەرچاو سەرکەووو نەبون. هەڵبەت لە باسەکانی داهاتوودا بە چڕی باسی زۆربەی ئەو هەنگاوانە و بەربەستەکانی بەردەمیان دەکەین، بەڵام لە کۆتایی ئەم باسەدا دەکرێت بڵێین کە گرنگی پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستاندا لە چوار ڕەهەندی سەرەکیدا بەدەردەکەوێت:

- یەکەمیان، ڕەهەندی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردە: کە دەخوازێت چ لەسەر ئاستی عێراق و چ لەسەر ئاستی نێودەڵەتیش بەشێکی بەرچاو لە مافەکانی خۆی مسۆگەر بکات، بەڵام دیارە ئەم ڕەهەندە بێ یەکخستنی هیز و لایەنە جیاوازەکانی کورد کارێکی دژوار دەبێت، بەتایبەت کە هەر لایەنێک خاوەنی هێزی چەکداری تایبەت بەخۆی بێت و لەخەمی پاراستنی ئاسایشی تایبەتی خۆیدا، یەکخستنی گوتاری نەتەوەیی کوردیش پەرتەوازە و لاواز دەبێت.

- دووەمیان، ڕەهەندی پرۆسەی بەدیموکراسیکردنی جۆر و شێوازی حوکمڕانیکردنی هەرێمی کوردستانە: کەبەبێ ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، وەک دامەزراوەیەکی نیزامی ملکەچ بۆ فەرمان و کۆنترۆڵی دامەزراوە مەدەنییەکان، هەمیشە لە ئەگەری گەڕانەوەیدایە بۆ شێوازەکانی حوکمڕانی تاکڕەوی و دەسەڵاتخوازی.

- سێیەمیان، ڕەهەندی بە فیدراڵیکردنی فۆڕمی دەوڵەتی عێراقە: کە لەسایەیدا ئەرک و دەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی ناوەندی و هەرێمەکاندا دابەشکراوە، بەتایبەتی ئەرکی بەرگری دەرەکی و ئاسایشی ناوخۆیی، کە تیایدا هەریەک لە حکومەتی ناوەندی و هەرێمەکان پشک و بەشە دەسەڵاتی خۆیان هەیە، بۆیە بەبێ بەدامەزراوییکردنی پێشمەرگە وەک هێزێکی نیزامی، ئەستەمە هەرێمی کوردستان بتوانێت ڕۆڵێکی کارا لەئەنجامدانی ئەو ئەرکانە و سوودێکی ئەوتۆش لەو پشک و بەشە دەسەڵاتانە ببینێت کە دەشێت لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئەمنی فیدراڵی عێراقدا پیادەی بکات[٣٨].

- چوارەمیان، ڕەهەندی بەرقەرارکردنی ئاسایشی دەرەکی و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری جیهانی، کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، هێزەکانی پیشمەرگە نەک تەنها لە سەر ئاستی ناوخۆیی هەرێم و عێراق بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش، هەم وەک بەشێک لە سوپا و هێزە چەکداراکانی عێراق و هەم وەک هاوکارێکیش بۆ هێزەکانی هاوپەیمانان لەدژی تیرۆر ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە، بۆیە توانی بەردەوامبوونی پێشمەرگە لەم ڕۆڵەیدا زۆر پەیوەستە بە سەرکەوتنی پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی ئەم هێزانە لە داهاتوویەکی نزیکدا.

---

(٣٨) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پشک و دەسەڵاتی هەرێمەکان لە داڕشتنی سیاسەتی ئەمنی فیدراڵی و جێبەجێکردنیدا، بڕوانە: د.عابد خالد رسول، السياسة الأمنيه فى الدول الفيدرالية (دراسة مقارنة)، مجلة الدراسات السياسية والأمنية، العدد ١، المجلد ١، (السليمانية: مركز الدراسات المستقبلية، حزيران ٢٠١٨)، ص ص ٥٥ - ٦٢.

## باسی سێیەم: هەنگاوەکانی بەدامەزراوەییکردنی پێشمەرگە

ئەم باسە تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی ئەو هەنگاوەنە بەئاڕاستەی بەدامەزراوەییکردنی هێزی پێشمەرگە نراون، ئەم هەنگاوانەش هەندێکیان لەسەر ئاستی ناوخۆیی هەرێمە لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە و هەندێکیتریان لەسەر ئاستی عێراقە دوای ٢٠٠٣ و هەندێکیتریان لەسەر ئاستی دەرەکی و هێزە نێودەڵەتییەکانە بەتایبەت دوای جەنگی داعش لە ٢٠١٤، بۆ بەسەرکردنەوەی زۆربەی ئەم هەنگاوانە ئەم باسە پێک هاتووە لە سێ تەوەر بەم شێوەیەی خوارەوە:

### تەوەری یەکەم: هەنگاوەکانی هەرێمی کوردستان:

دوا بە دوای یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، یەکەم هەنگاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە، بریتیبوو لە دامەزراندنی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە، بەپێی یاسای ژمارە (٥) ساڵی ١٩٩٢[٣٩]، بە مەبەستی یەکخستن و ڕێکخستنی ئەو چەکدارانەی کە بە (هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان) و (هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان) ناسرابون، جگە لەم دوو هێزە حیزبەکانی (شیوعی، سۆسیالیست، پارتی گەلی دیموکرات و بزوتنەوەی ئیسلامی)ش خاوەن هێزی چەکداربوون. ئەو کاتە ئەم هێزانە لە چوارچێوەی ( بەتالیۆن و لەشکر و هێزدا) کۆکرانەوە و یەکەی تایبەت و سەربازگەی مەشق و جبەخانە و پێویستیە سەربازییەکانیان بۆ ڕێکخرا.

کاتێ شەڕی ناوخۆ لە ساڵی ١٩٩٤ لە نێوان یەکێتی و پارتی هەڵگیرسا، هەرێمی کوردستان بوو بە دوو یەکەی کارگێڕی و دوو حکومەت، بۆیە هەموو هەوڵەکانی پێشو هەڵوەشانەوە. بەڵام دواتر هەنگاویتر بۆ دامەزراندنی دامەزراوەی سوپایەکی بەرگری دەستی پێکرد، بەتایبەت دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٦ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەیەکگرتویی دامەزرایەوە، یاسای ژمارەی (١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکرایەوە و پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (٣٠)ی ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/٢ یاسایی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ دەرکرد. بە پێی ئەم یاسایە وەزارەتی پێشمەرگە بە یەکگرتویی دامەزرایەوە، لە بڕگەکانی (چوارەم و پێنجەم)ی ماددەی (٢)ی ئەم یاسایەدا، لەنێو ئەرکەکانی ئەم وزارەتەدا هاتووە کە دەبێت کاربکات بۆ: "دامەزراندنی پێکهاتە و یەکەی نیزامی سەربازی و مەشق پێکردنیان لەسەر هەموو هونەرێکی جەنگ و فێرکردنی زانستیە نوێیەکان، تاکو شیاو بن بۆ بەرگری کردن لە هەرێمی کوردستان"... "دانانی پلانی پێویست بۆ پەرەپێدان و نوێکردنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، ئەمەش بە ئامادەکردنی هەموو جۆرەکانی و پۆلێنەکانی و شێوازی پێدانی هەمو کەل و پەلێکی هونەری و پەرەپێدانی هونەرەکانی جەنگ و چۆنێتی بەکارهێنانیان لە مەیدانی جەنگدا"[٤٠]. وەزارەتەکان

---

(٣٩) بەپێی هەندێک سەرچاوە پێشنیارکردنی ئەم ناوە واتە (وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە) لەوکاتەدا پێشنیاری (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ماريو فومرتون و فلاديمير فيلغنبورغ، تحدّي توحيد قوات البيشمركة، ١٦ كانون الأول/ديسمبر ٢٠١٥، تحليل إقليمي، مركز كارنيغي، على الرابط الآتي:
https://carnegie-mec.org/2015/12/16/ar-pub-61931

(٤٠) بڕوانە: بڕگەی (٤ و ٥) لەمادەی (٢)ی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٩) ساڵی ٢٠٠٧.

بەشیوەی رێکەوتنی سیاسی بەسەر حیزبە سیاسیەکاندا دابەشکران دیسان بڕیاردرا هێزەکانی پێشمەرگە یەکگرتووبن، بەڵام ئەم هەوڵەش وەکو هەوڵەکانی پێشو بێ ئەنجامبوو، چونکە دەمارگیری حیزبی بە شێوەیەکی زۆر بەهێز لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگە و هێزە ئەمنیەکاندا رەگی داکوتا بوو.

جارێکیتر لە ساڵی ٢٠١٠ هەنگاوێکیتر بۆ یەکگرتنی ئەم هێزانەنرا، ئەوەش بە دروستکردنی (١٤) لیوای هاوبەش، بەڵام دیسان ئەم هەوڵەش لەرووی ناوەرۆکەوە جەوهەری نەبوو، چونکە لەکاتی دابەشکاریدا لە هەموو لیواکان حیساباتی حیزبی زاڵبوو بەسەر پێوەری توانای سەربازیدا. واتا لە جیاتی ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە پلە و پایەی سەربازی وەکو پێوەر بۆ دانانی فەرماندەی لیوا و فەوج و سریەکان ڕوچاوبکرێ، کەچی دووبارە پێوەری حیزبی کاری پیکرا، بۆنموونە ئەگەر فەرماندەی لیوایەك لە (یەکێتی) بووایە، دەبوو جێگرەکەی لە (پارتی) بێت. ئەمەش نیشانەی بێ متمانەیی ئەم دوو هێزەبوو بەیەکتری.

دروستکردنی یەکەکانی (٧٠)ی سەر بەیەکێتی نیشتمانی کوردستان و یەکەکانی (٨٠) سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستان هەنگاوێکیتری بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگەبوو[٤١]. ئەم هەنگاوە لەساڵی ٢٠١٤ بوو، دوای ئەوەی (ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام - داعش) دەستیگرت بەسەر ناوچە سونییەکانی عێراق و مەترسی لەسەر هەرێمی کوردستان دروستکرد و بەشێکی ناوچەکان کوردستانی لە گەرمیان و ناوچەکانی کەرکوك و هەروەها دەشتی نەینەوا و ناوچەکانی شەنگالی داگیرکرد. مەترسی رێکخراوی داعش وایکرد هەوڵەکانی یەکگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە چڕتر بکرێتەوە، لەم نێوەندەشدا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بڕیاری ژمارە (١٩) لە ٢٠١٤/٧/٢٣ لەپێناو یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان دەرچوو، کە لە (٢١) خاڵ پێکهاتووە. لە خاڵی (چوارەم)دا بڕیاردراوە کە : "پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو هێزەکانی پێشمەرگە لە ماوەی شەش مانگدا ە دەرچونی ئەم بڕیارەوە لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا وەك هێزێکی نیشتیمانی یەك بخات، بە تایبەت یەکەکانی (٧٠) و (٨٠). لە خاڵی (بیستەم)دا هاتووە کە: "لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن"[٤٢]، بۆیە دوا بەدوای دەرچوونی ئەم بڕیارە سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بڕیارێکی بۆ رێکخستن و یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەرکرد.

لە دوای ٢٠٠٣ ەوە، هەنگاوەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بەدامەزراوەییکردنی پێشمەرگە، خرایە چوارچێوەی چەند هەنگاوێکیتر کە لەسەر ئاستی عێراق و لایەنە نێودەوڵەتییەکان نراون، کە هەموویان لەوپێناوەدا پێکەوە گرێدراون، بەڵام باسکردنی هەریەکەیان لە چوارچێوەی تەوەری جیاجیادا تەنها بۆ جیاکردنەوەی تایبەتمەندی ئەو قۆناغانەیە کە ئەم هەنگاوانەی تیانراوە، نەک لەبەر جیاوازی ئەم هەنگاوانە لەیەکتر.

(٤١) ماريو فومرتون و فلاديمير فيلغنبورغ، تحدّي توحيد قوات البيشمركة، المصدر السابق.

(٤٢) بڕگەی (شەشەم) لە بڕیاری ژمارە (١٩)ی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٤/٧/٢٣.

**تەوەری دووەم: هەنگاوەکانی حکومەتی عێراق:**

دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣ و هەڵوەشانەوەی سوپای عێراق هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەیان ویست پێشمەرگەش لەو چواچێوەیەدا بکەنە ناو سیستەمی بەرگری عێراقەوە، بەڵام ئەم هەنگاوە سەری نەگرت. لە دوای ئەوەی دەستوری فیدراڵی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ دانرا، ئەم دەستورە لە برگەی (پێنجەم)ی ماددەی (١٢١)یدا هێزەکانی پێشمەرگەی وەکو (پاسەوانی هەرێم) ناساندوە[٤٣]. هەر لەم سۆنگەیەوە چەندین یاداشتی لێك گەیشتن و رێکەوتنی دوو لایەنە لەنێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یەکخستنەوەی پێشمەرگە لەچوارچێوەی سوپای عێرقیدا و هەماهەنگی دروستکردن هاتۆتە کایەوە، بەپێی یەکێك لەو یاداشتانە کە لە ٢٠٠٧/٤/١ دا لە نێوان حکومەتی ناوەندی و هێزەکانی پێشمەرگە مۆرکراوە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، کە ئەو کاتە (نوری مالیکی) بوو، دەسەڵاتەکانی وەک فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکانی عێراق داوە بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یان ئەو کەسەی نوێنەرایەتی ئەو دەکات، بەمەبەستی گواستنەوەی بەرپرسیارێتی ئاسایشی لە هێزەکانی عێراق و هێزە فرە رەگەزەکانەوە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە[٤٤]. هەروەها بەپێی فەرمانێکی دیوانی و بە واژوی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان لەوکاتەدا (نوری مالیکی) بە ژمارەی (١/١ دیوانی/١٤٦/٨٦) لە ٢٠٠٧/١٠/٧ بەپێی ئەو دەسەڵاتەی بە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان دراوە، بەپێی ماددەی (٧٨)ی دەستوری عێراق و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و گواستنەوەی بەرپرسیارێتی ئاسایش لە هێزە فرە رەگەزەکانەوە بۆ هێزەکانی عێراق بەشێوەیەکی تەندروست و گرەنتیکردنی ئاسایش و ئارامی لە هەموو عێراقدا ئەم بریارانە داروە:

"١ـ پێکهێنانی (٢) فیرقەی پیادە بە پێی رێکخستنی ئەو فیرقانەی ئێستا لە کوردستان هەیە بە پشت بەستن بەسەرچاوەی مرۆیی بەردەست، کە هەماهەنگی هەیە لەنێوان سەرۆکایەتی هەرێم و وەزارەتی بەرگری و سەرکردایەتی گواستنەوەی ئاسایش لە هێزە فرەرەگەزەکان.

٢ـ هەڵبژاردنی شوێنی مانەوە و شوێنی راهێنان و دابینکردنی چەك و پێداویستی و ئامرازی سەربازی بەپێی ئەو هەماهەنگییە دەبێت کە ئەنجام دەدرێت لە نێوان ئەو لایەنانەی لە ماددەی یەکی سەرەوەدا ئاماژەیان پێدراوە.

٣ـ ئەم فەرمانە دەست بەجێ و لە ١٠ی ئەیلولی ٢٠٠٧ جێبەجێدەکرێت"[٤٥].

ئەم فەرمانە بووە بە هۆی ئەوەی کە لیژنەیەکی تایبەتمەند لە بەغداوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە سەردانی هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر بکەن. دوای چەندین کۆبونەوە گەیشت بەوەی کە چاوپێکەوتن و ئامرازەکانی وەرگرتن و پێدانی پلە و خانەنشینی بەکاربخەن بۆ دروستکردنی ئەو دوو فیرقە پیادەیە.

راسپاردەکانی ئەو لیژنەی هەماهەنگییە، خۆی لە (٩) خاڵ و چەند برگەیەکدا بینیەوە، پاشان

(٤٣) برگەی (پێنجەم) لە مادەی (١٢١)ی دەستوری کۆماری عیراق ساڵی ٢٠٠٥.

(٤٤) بەڵگەنامەی فەرمی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠٠٧/٤/١.

(٤٥) بەڵگەنامەی فەرمی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ١/١ دیوانی /١٤٦/٨٦ لە ٢٠٠٧/١٠/٧.

هەمو ئەندامانی لیژنەکە واژویان لەسەر کردوە، لە گرنگترین خاڵەکانی[٤٦]:

١ـ دروستکردنی ئەو دوو فیرقەیە کە بە ژمارە (١٥) و (١٦) بە هەمان پەیکەری ریکخستنی فیرقەکانی پیادەی عێراق.

٢ـ ئەم دوو فیرقەیە دەبەسترێنەوە بە وەزارەتی بەرگری عێراقەوە لە هەموو بوارەکاندا (سەرۆکایەتی ئەرکان ـ فەرماندەی هێزەکانی وشکانی).

٣ـ هەمو خاڵەکان و پلەو پایەو خانەنشینی سەربازی بە هەمان ئەو مەرجانە دەبێت کە لە سوپای عێراقیدا بوونی هەیە و بە یاسا و رێنمایی رێکخراوە.

ئەم هەنگاوە گەورەترین هەنگاوبوو کە دەرفەتێکی مێژویی بۆ بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و یەکخستنەوەیان و دروستکردنی دامەزراوەیەکی سەربازی پیشەیی لە هەرێمی کوردستاندا رەخساند، بەشێوەیەک کە سەرجەم لایەنەکانی وەک (راهێنان و وەرگرتن و بەکارخستن و ئینتیمای) لەسەر بنەمای پیشەیی بێت.

### تەوەری سێیەم : هەنگاوە نێودەوڵەتییەکان:

لەدوای هێرشەکانی داعش لە ٢٠١٤، هەنگاوەکان بەئاراستەی یەکخستنی هێزی پێشمەرگە بەردەوامبوون، لەم چوارچێوەیەدا هێزەکانی هاوپەیمانی دژ بە داعش دوو لیوای هاوبەشی سەربازییان دروست کرد. بەڵام لەبەردەم ئەم هەنگاوەشدا بەربەستەکان زۆرن و تا ئێستا هێزە ئەمنیەکانی کوردستان وەکو دوو هێزی سەربازی لێک جودا کار دەکەن و تا ڕادەی لە (٩٠%) خاوەنی دوو بریاری سەربازی جیاوازن.

دوای شەڕی ناوخۆ لە ساڵی ١٩٩٤، لە نێوان هێزەکانی یەکێتی و پارتی، ساڵی ١٩٩٨ بە چاودێری لایەنە نێودەوڵەتییەکان ڕێکەوتنی ئاشتەوایی کە بەڕێکەوتنی واشنتۆن ناسراوە ئیمزاکرا، پاشان ساڵی ٢٠٠٣ لە کاتی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانکانییەوە، ئەم هەوڵە بۆ یەگرتن و بەئاراستەی دروستکردنی تەشکیلەیەکی هاوبەش جارێکی تر چڕبووەوە، چونکە هەردوو حیزب هەستیان بە دروست بونی ئەو بۆشاییە ئەمنیە دەکرد کە دوای پرۆسەکە دروست دەبێت و ئەمریکیەکانیش بە ئاشکرا ئەمەیان بە (کاك مەسعود و مام جەلال) ووتبوو.

لەو کاتەدا، ئەم هەنگاوە، بۆ بەدەستخستنی ئەم سێ ئامانجە بوو:

١ـ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنیەی لە ناوچە کوردستانیەکاندا دروست دەبێت، بە تایبەتی لە کەرکوك، کە دەبێت وەکو هەلێکی سەربازی و ستراتیجی و سیاسی سودی لێوەربگیرێت.

٢ـ بۆ سود وەرگرتن لە و پاڵپشتیە سەربازییەی کە ئەمریکا پێشکەش بە هێزە شەڕکەرەکانی دەکرد، بەهێزترین هێزی شەڕکەریش لەوکاتەدا پێشمەرگە بوو.

٣ـ هەروەها بۆ بەدەستخستنی پاڵپشتی ماددی لەلایەن ئەو حکومەتەی دوای پرۆسەی ئازادی لە عێراقدا دروست دەبوو.

---

(٤٦) هەمان سەرچاوە.

بە پێی ئەو ڕێکەوتنەی لە نێوان ئەمریکیەکان و هەردوو سەرۆکی حیزبی (یەکێتی و پارتی) ئەنجام درا، بڕیاردرا کە.لە کاتی جەنگی ئازدکردنەوەی عێراقدا، هێزەکانی یەکێتی لە نزیکی کەرکوك بن و هێزەکانی پارتیش لە نزیکی موصڵ بن[٤٧].

دوای پەسندکردنی دەستوری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥، و وبونیانانەوەی سوپای عێراق، سوپای هێزە فرە ڕەگەزەگان هەمو هەوڵێکیان بۆ دروستکردنەوەی لیژنەی هەماهەنگی هاوبەش بوو، لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگەو وەزارەتی بەرگری عێراقدا، بەتایبەتی لە ناوچە جێناکۆکەکان، بۆیە لایەنی تەکنیکی یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەیان بەجێ هێشتبوو بۆ ڕێکەوتنی سیاسی نێوان یەکێتی و پارتی، بەڵام دوای ئەوەی (ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام - داعش) دەستی گرت بەسەر بەشێکی زۆر لە خاکی عێراقدا و مەترسی گەورەی لە سەر هەرێمی کوردستان دروست کرد، هاوپەیمانییەکی گەورەی نێودەوڵەتی، کە لە (٦٦) دەوڵەت پێکهاتبوو دروستبوو، بۆ ڕوبەڕوبونەوەی داعش، لەبەرئەوەی هێزی پێشمەرگە لەڕووی بەرگرییەوە توانایەکی باشی هەبوو. هێزەکانی هاوپەیمانان، بە تایبەتی ئەمریکیەکان، متمانەیان بە هێزەکان دروستکرد و لەم چوارچێوەیەدا دەستیان بە ڕاهێنان و پڕچەککردنی هێزی پێشمەرگە کرد و بڕی (١١٠) ملیون دولاریان بۆ ئامادەکردن و پڕچەککردنی دوو لیوای نوێ لە هێزەکانی پێشمەرگە تەرخانکرد، لەم چوارچێویەشدا ئەمریکا بڕیاریدا کە ڕاهێنان بە هەموو هێزەکانی پێشمەرگە بکات. پاشان ژمارەکە بەپێی ڕێکەوتنی وەزارەتی پێشمەرگە و ئەمریکیەکان کرا بە چوار لیوا.

بەووتەی یەکێك لە بەرپرسانی وەزارەتی پیشمەرگە ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٦ تا ٢٠١٧ موچە و تێچوی سەربازی و پزیشکی بۆ بەشێك لە هێزەکانی پێشمەرگە دابین کردووە، ئەمریکیەکان بەپێی پرۆتۆکۆلێکی فەرمی لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگری ئەمریکا بڕی (٤١٥) ملیون دۆلاریان بۆ پێشمەرگە تەرخان کردووە، ئەم بڕە پارەیەش بۆ ئەو چواردە لیوا هاوبەشە تەرخانکراوە کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە و پێنج فەوجی سەربەخۆن[٤٨].

ئەمریکیەکان یەکێکن لە و سێ وڵاتەی کە پرۆژەیەکیان، بە راویژ لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە، پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردوە بە مەبەستی چاکسازی پێشمەرگە، بەپێی ئەولوییەت بۆ جێبەجێکردن، ئەم پرۆژەیە، پرۆژەیەکی گشتگیرە و ئامراز و کەرەسەکانی جێ بەجێکردنی بە ووردی دیاریکردووە، کە بە (٣٥) خاڵ ناوەڕۆك و ئامرازەکان بۆ دروستکردنی هێزێکی نیشتمانی پیشەیی خستۆتەروو. پرۆژەکە بە ناوی گروپی ڕاوێژکارانی فرە نەتەوە خراوەتەرو، کە جگە لە ئەمریکیەکان ڕاوێژکارانی سەربازی هەریەك لە بەریتانیا و ئەڵمانیا ئامادەیان کردوە[٤٩].

ئەم پرۆژەیە جگەلەوەی سیستەمی بەرگری لە کوردستان دەکات بەسیستەمێکی نیشتیمانی، لەهەمان کاتدا پەیوەندی مەدەنی و سەربازی بە ئاستێکی باش تەندروست دەکات، وەك لەخاڵی

(٤٧) ماريو فومرتون و فلاديمير فيلغنبورغ، تحدّي توحيد قوات البيشمركة، المصدر السابق.

(٤٨) البنتاغون: سلمنا البيشمركة مئات ملايين الدولارات لمحاربة داعش، الحرة، على الرابط الآتـي:
https://www.alhurra.com/a/us-aids-peshmerga-forces-Kurdistan-referendum/384619.html

(٤٩) پرۆژەی راوێژکارانی فرە نەتەوە کەلە ٢٠١٧/٥/١٤ لە ئەنجومەنی وەزیران پەسەندکرا.

(١١)يدا هاتووە پێویستە وەزارەتی پێشمەرگە عەقیدەیەکی سەربازی هەڵبژێرێت و پەیڕەویشی بکات بەشێوەیەک کە لە دروستکردنی دەزگا و مەشق و راهێنان و تواناکانیدا رەنگ بداتەوە[٥٠].

ئەم پرۆژەیە ٢٠١٧/٥/١٤ لە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پەسەندکرا. بەڵام جێبەجێکردنەکەی، پێویستی بە هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ هەیە.

لەکۆتایی ئەم باسەدا دەبینین، پرسی بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە، بە یەکخستنیان و رزگارگردنیان لە چنگی حیزب و نەهێشتنی حیزبی چەکدار، لەبەرئەو پاشخانە حیزبیەی کە پەیوەندی بە قۆناغی بەرەنگاری و ڕزگاری نیشتیمانیەوە هەبووە، پرسێکە لە دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ وو تاوەکو ئێستا چەندین هەنگاوی بۆ نراوە، بەڵام ئەم پرسە سەرەڕای بونی چەندین یاسا و بڕیار، هەر بە هەڵواسراوی ماوەتەوە. بۆیە نەبوونی هێزێکی سەربازی یەکگرتوو، وەک سوپایەکی خاوەن بیروباوەری سەربازی نیشتیمانی، کە لە سەرووی ئینیتمای حیزبی و ناوچەییەوە دامەزرابێت، هەڕەشەیەکی بەردەوامە لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان و شێوازی حوکمڕانییەکەی، بەهۆی ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لەلایەك، و دانەمەزراندنی هێزێکی ڕێکخراوی پیشەیی مەشقپێکراو، بەپێی چوارچێوەیەکی یاسایی کە گرەنتی ئاسایشی هاوڵاتیان بکات لەلایەکیتر. ئەمەش لەسەرەتایی نەوەدەکانەوە بەگەورەترین هەڕەشە و مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، کە تا ئێستا بەردەوامە.

(٥٠) هەمان سەرچاوە.

## باسی چوارەم: ئاستەنگەکانی بە دامەزراوەیکردنی پێشمەرگە:

ئەم باسە تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی ئاستەنگەکانی بەردەم بەدامەزراوەییکردنی پێشمەرگە، جا وەک چۆن هەنگاوەکانی ئەم پرۆسەیە جۆراوجۆربوون هەرواش ئاستەنگەکانی بەردەمی جۆراوجۆرن، کە هەندێکیان لەسەر ئاستی ناوخۆیی هەرێمن و هەندێکیتریان لەسەر ئاستی عێراقن، بۆیە ئەم باسە پێك هاتووە لە دوو تەوەر، بەم شێوەیەی خوارەوە:

### تەوەری یەکەم : ئاستەنگەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان:

هەموو ئەو هەنگاوە ئەرێنیانەی کە باسکران لە ئاستی یاسادانان و جێبەجێکردن لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستانەوە، پاشان هەنگاوەکانی حکومەتی عێراق و، هەنگاوە نێودەوڵەتییەکان بۆ یەکگرتنەوە و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە ڕۆڵیان دیاریکراو بوە لە پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی ئەم هێزانە و گۆڕینیان بۆ سوپایەکی ڕێکخراوی نیشتیمانی پیشەیی، دیارە بۆ ئەمەش لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان و عێراق ئاستەنگی جۆراوجۆر هەیە، ڕەنگە گرنگترینیان لەسەر ئاستی هەرێم شێوازی کارکردنی سیاسەتی ئەمنی بێت. بۆیە پێش ئەوەی باس لەهەر ئاستەنگێکیتر بکەین باس لە وە دەکەین کە سیاسەتی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان چۆن کار دەکات.

کاتێك باس لە سیاسەتی ئەمنی بە واتا هاوچەرخەکەی دەکرێت، وەک بنەمایەکی سەرەکی لە بنەماکانی سیاسەتی گشتی سەیر دەکرێت، کە چوارچێوەیەکی گشتیە بۆ هەمو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە. بە واتایەکیتر خاڵی سەرەکی بەیەکەوە بەستنی هەمو چالاکیە ئەمنییەکانە بە بەرژەوەندی گشتیەوە. سیاسەتی ئەمنی بەرجەستەکەری دانانی پلانی پێویستە بۆ فەراهەمکردنی ئاسایش لەسەر ئاستی خۆپاراریزی پیشوەخت، واتە پێش ڕوودانی کارێك کە زیان بە ئاسایش دەگەیەنێت، یان لە کاتی ڕوودانیدا[51]. سیاسەتی ئەمنی بە پلەی یەکەم جەخت دەکاتەوە لەسەر ئاسایشی مرۆیی، نەك دەوڵەت، بەواتایەکیتر ئامانج لە سیاسەتی ئاسایش بریتییە لە دەستەبەرکردنی ئاسایشی تاك و گروپەکان بە تەنیشت ئاسایشی دەوڵەتەوە، چونکە دەکرێت دەوڵەت ئارام بێت و ئاسایشی هاوڵاتیان پارێزراو نەبێت، هەندێك جار ڕوودەدات کە دەوڵەت بۆخۆی سەرچاوەیەك بێت لە سەرچاوەکانی هەرەشە بۆ سەر تاك و گروپەکانی ژێر دەسەڵاتی[52].

سیاسەتی ئاسایش لە هەر سیستەمێکی سیاسیدا پەیوەستە بە دەستور و یاسا و چۆنێتی مومارەسەکردنی دەسەڵاتی سیاسیەوە، هەرچەندە هەرێمی کوردستان خاوەنی دەستووەر نیە، بەڵام کۆمەڵێك یاسای هەیە کە سروشتی دەستوریيان هەیە لە وانە یاساکانی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١)

(٥١) د.محمد ياسر الأيوبى، النظرية العامة للأمن، (طرابلس ـ لبنان: المؤسسة الحديثة للكتاب، ٢٠٠٨)، ص١٥٧.

(٥٢) د.حامد عبدالماجد قويسى، تشكيل الرأى العام ومناخ المواطنة بين فاعلية المواطن وعزوفه السياسى، الأمن العام وحقوق الانسان، من: علا أبو زيد و هبة رؤوف عزت (محرر)، المواطنة المصرية ومستقبل الديمقراطية، (القاهره: مكتبة الشروق، ٢٠٠٣)، ص٧٢٢.

كە ساڵی ٢٠٠٥ دەرچووە. بەپێی ئەم یاسایە (سەرۆكی هەرێمی كوردستان) سەرۆكی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێكردنە. هەروەها خاوەنی دەسەڵاتی فراوانە لە بواری ئەمن و ئاسایشدا و فەرماندەی گشتی هێزە كانی پێشمەرگەی كوردستانی عێراقە. هەروەها دەسەڵاتی دەركردنی ئەو بڕیارانەی هەیە كە هێزی یاساییان هەیە بە هەماهەنگی و راوێژ لەگەڵ سەرۆكی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران كاتێك سیستەمی سیاسی یان ئاسایشی گشتی و دام ودەزگا دەستورییەكانی هەرێمی كوردستان رووبەڕووی هەڕەشە دەبنەوە[٥٣]. راستە لە ئێستادا یاسای سەرۆكایەتی هەرێم هەموار كراوەتەوە و ئەو دەزگایە دەسەڵاتەكانی بەسەر هەر سێ دامەزراوەی (حكومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری)دا دابەشكراوە، بەڵام هەمو دەسەڵاتە ئەمنییەكانی لای حكومەتە، لێرەوە مەبەستمان لە داڕشتن و دروستكردنی سیاسەتی ئەمنیە لە هەرێمی كوردستان كە دەسەڵاتی جێبەجێكردن (بە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران) دەسەڵاتی دروستكردنی هەیە، بۆیە لەڕووی یاسایشەوە لە بەردەم خەڵك و پەرلەمانی كوردستان بەرپرسە لە جێبەجێكردنی، هەر هەڕەشەیەكی ئەمنی كە لەسەر هەرێمی كوردستان دروست دەبێت ، ئەوە جگە لەوەی بەپێی بەرپرسیارێتیە یاسایەكە ئەم دەزگایانە بەرپرسن لەهەمو ئەو كەم وكوڕیانەی لەریزەكانی هێزە كانی پێشمەرگە و ئەو ئاستەنگ و كێشانەش كە هەیانە بەرپرسن، دواتر بەپێی بەرپرسیارێتی پەرلەمانی كوردستان لە رێگەی لیژنە تایبەتمەندەكانیەوە بەرپرسە لە چاودێریكردنی چۆنێتی جێبەجێكردنی سیاسەتی ئەمنی هەرێم و بەدواداچونی كێشەكانی پێشمەرگە و چارەسەركردنیان لەرێگەی مەرجەعەكانیانەوە. هەروەها پارتە سیاسیەكانی هەرێمی كوردستان بەتایبەت یەكێتی و پارتی، چونكە تا ئێستاش خاوەنی هێزی چەكداری خۆیانن، بە پلەی سێیەم بەرپرسن لە خراپی دۆخی هێزی پێشمەرگەو كێشەو كەم و كوڕییەكانی.

لەبەرئەوە، وەزیفەی هێزەكانی پێشمەرگە نەك تەواو نەبووە، بەڵكو پێویستییان بە ڕێكخستنەوە وەك دامەزراوەیەكی پیشەیی بەردەوام لەزیادبووندایە. بۆ بەدیهێنانی ئەم پێویستیەش، ئەم خاڵانە دیارترین ئەو ئاستەنگە ناوخۆییانە دەخاتەڕوو كە رێگرن لە یەكخستنەوە و رێكخستنەوەی هێزەكانی پێشمەرگەی هەرێمی كوردستان لە چوارچێوەی هێزێكی نیشتیمانی یەكگرتووی پیشەییدا:

١ـ ڕێگری نەكردن لە كاری سیاسی و حیزبی لەناو ریزەكانی هێزی پێشمەرگە، كە گەورەترین ئاستەنگە لە بەردەم یەگكرتوی هێزی پێشمەرگە، بەمانایەكی تر دەمارگیری حیزبی بۆتە رێگر لەبەردەم دامەزراندنی پەیوەندییەكی تەندروستی مەدەنی ـ سەربازی لە كوردستان، چونكە دەستێوەردانی لەژیانی سیاسی لەلایەن سوپاوە وەكو پرەنسیپێكی گشتی پێچەوانەی سیستەمی دیموكراسیە، صاموئیل هانتنگتون لە كتێبی ( سەرباز و دەوڵەت) باس لەم ئیشكالیەتە دەكات كە لەپەیوەندی مەدەنی و سەربازیدا هەیە و دەڵێت ئەبێت كۆنترۆڵی بابەتی هەبێت كە بەمانای ئەوەی واز لە سوپا بهێنرێت بەبێ ئەوەی دەستێوەردان بكات لە دەسەڵاتە مەدەنیەكان، ئەمەش بۆ پاراستنی سوپایە لە پیشەیبون و گەشەپێدانی، هەروەها دەبێتە هۆكار بۆ دەستێوەرنەدانی سوپا لە

(٥٣) بڕوانە: مادەی (١) و بڕگەی (٥) لەمادەی (٥) و بڕگەی (١) لە مادەی (١١) لە یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥.

کاروباری سیاسی. بەبێ دروستبوون و کۆنترۆڵکردنی پێشمەرگە لەلایەن حکومەتەوە، ئەم پەیوەندییە تەندروستە دروست نابێت، بە واتە لە جیاتی ئەوەی مەکتەبی سیاسی حیزبەکان کۆنترۆڵی پێشمەرگە بکەن، دەبێت حکومەت کۆنترۆڵی بکات. باشترین نمونە بۆ ئەم گرفتە رووداوەکانی دوای شانزەیی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ بو لەبەرئەوەی مەرجەعی وەرگرتنی بریاری سەربازی دام ودەزگایی نەبو هەمو هێزەکان بونەوە بە حیزبی و تەنانەت ئەو لیواو فەج و پێکهاتە سەربازییەی کە دروستکرابون لەیەکدتری هەڵوەشانەوە. ئەم پەیوەندییە لە کوردستان تا ئێستا پەیوەندییەکی ناتەندروستەو بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، جگە لەوەی کە پرۆسەیەکی نا تەندروستە، لەهەمان کاتدا دەبێتە رێگر لەبەردەم گواستنەوەو گەشەپێکردنی پرۆسەی دیموکراسی. چونکە پرۆسەی دیموکراسی لەبەردەم هەرەشەدا بێت هەتاوەکو هێزەکانی پێشمەرگە لە دەمارگیری حیزبی دور نەکەونەوە و تەنها مەرجەعیان، مەرجەعی سەربازی و پیشەیی نەبێت.

٢ـ رۆڵی چاودێری لیژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان و بەدواداچونی ئەو کەم و کوڕی و کێشانەی کە لە (رێکخستن و مەشق و پرچەك کردن) دا هەیە زۆر لاوازە، بە واتە هێزی پێشمەرگە لە رێگەی پەرلەمانەوە چاودێری بکرێت و دەست نیشانی کەم و کورییەکان بکرێت و، لە گەندەڵی و زیادەڕەوییەکان بکۆڵرێتەوە، ئەم هێزانە گیرۆدەی عورفێکی سیاسی کوشندە کراون لە رێگەی دەستنیشانکردنی فەرماندەی سەربازی بێتوانا، کە بە پێوەری سەربازی دانەمەزراون، بەڵکو لە جیاتی ئەم پێوەرە پیشەییە، پێوەری تر ی وەکو حیزبیبون و نزیك بون لە کەسایەتیە سیاسیەکان جێگەیەکیان گرتوە کە لە روی پیشەییەوە بێتوانان. لەم حاڵەتەشدا، دەبینین دەیان جار کەلێنی ئەمنی دروست دەبێت و لێپرسینەوەو دادگا سەربازییەکانیش وەکو ئەحکامی کۆتایی بۆ سزا کاریان پێناکرێت. بۆیە کەکەسێکی کەمتەرخەم یان گەندەڵ سزا ئەدرێت، بەئاسانی سەنگەر لە حیزبێکەوە دەگوازێتەوەبۆ حیزبەکە ترو پلەکەشی بەرز دەکرێتەوە.

٣ـ دەستبەردار نەبوون لە سیاسەتی (زەبائینی) کە رێگرە لە بەردەم بە پیشەیبون و یەکگرتوی هێزەکانی پێشمەرگە، هەروەها ئەم سیاسەتە لە جیاتی ئینتیما و پشتیوانی نیشتمانی، ئینتیمای کەسی و حیزبی دروست کردوە، لەمەش زیاتر دەیان لیواو فەوج و سریەی پێشمەرگە بە ناوی کەسی لە کوردستان بونی هەیە، لەسەر شێوەی سوپای ئەفریقی کەسەر بە قەبیلەکانی ئەفریقان(٥٤). ئەم سیاسەتە رۆڵی هەبوە لە زیادبونی ژمارەی پێشمەرگە لە دوای ساڵی ١٩٩٢ کە ئەوکات یەکێتی تەنها (١٨٠٠٠) پێشمەرگەو، پارتیش تەنها (٢٥٠٠٠) پێشمەرگەی هەبوە، بەڵام لە ئێستادا ئەم ژمارەیە بەرز بۆتەوە بۆ (٢٠٠٠٠٠). ئەمەش بارگرانییەکی گەورەی لەسەر بودجەی کوردستان دروستکردوە.

٤ـ پێ نەگەیاندنی پێشمەرگە لە سەر بیرو باوەڕێکی نیشتمانی باڵا کە هاوتەریب بێت لەگەڵ ئەو هەڕشانەی لەسەر هەرێمی کوردستان هەن، بە بێ عەقیدەیەکی سەربازی نیشتمانی کە بریتیە لە: "کۆمەڵێك بیرو راو و تێروانین کە کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگاکان بونیادی دەنێن لە بارەی جەنگ و

(54) Samuel P. Huntington, The Soldier and the State: The Theory and Politics of Civil-Military Relations, (Cambridge, Mass.: Belknap Press of Harvard University Press, 1957), P. 23.

ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە بەرگری و بەهای جەنگەوە هەیە"[٥٥]. چەسپاندنی ئەم بیرو باوەڕە پەیوەستە بە فەلسەفی سیستەمی سیاسی هەر دەوڵەتێکەوە کە سوپاکەی ئەبێت ڕەنگدانەوەی ئە بیرو بۆچوونانە بێت و پارێزگاری لە مانەوە و بە ڕەدوامی سیستەمە سیاسی بکات. لە کوردستان لە بەر ئەوەی تا ئێستا قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی بە مانا شۆڕشگێرییەکەی نا، کۆتایی نەهاتوە بۆیە هەستی نەتەوەیی جێگەی بیرو باوەڕی گرتۆتەوە، لەبەرئەوە هەمو حیزبە سیاسیەکان لە ڕێگەی ئەم بەهایەوە بیرو باوەڕی سەربازی دەجوڵێنن، بەڵام ئەبینین زۆر جار ئەم بەهایە بەهۆی دۆخە مێژوییەکەوە کە کوردستانی دابەشکردوە بۆ زۆنی جیاواز، لە ئاراستەکردندا ڕەنگی لۆکاڵی پێوە دیارەوە، کوردستانیانە بیر ناکرێتەوە.

٥ـ سود وەرنەگرتن لە بوونی هێزەکانی هاوپەیمانان و بە گشتی و هێزەکانی ئەمریکا بە تایبەت لە کوردستان بۆ (مە شق و ڕێکخستن و پڕچەککردن). چونکە هێزەکانی پێشمەرگە خاوەنی شارەزایی نین بە تایبەتی لە گرتنەبەر ی ڕێوشوێنی سەربازی دژ بە داعش[٥٦]. چونکە سود وەرگرتن لە ئەزمون و مەشقی سەربازی هاوپەیمانان، هێزەکانی پێشمەرگە لە روی شارەزایی و مەشق لە سەر چەکی تازەو توانای شەڕکردن و هەواڵگری سەربازی زیاتر دەکات، جگە لەوەش هێزەکانی پێشمەرگە وەکو هێزی هاوپەیمانی ئەمریکیەکان سەیر دەکرێن. بۆ ئەمەش پاڵپشتی یاسایی هەیە کە ئەویش ئەو ڕێکەوتنە سەربازییە کە لە نێوان حکومەتی هەرێم و هێزەکانی ئەمریکادا هەیە.

٦ـ دابەشنەکردنەوە و ڕێکنەخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر بنەمای ئەرکی سەربازی مۆدێرن و جەنگی تازەی تیرۆر، کە تەنها جەنگی ڕوبەڕوبونەوەی مەیدانی و جەبهەیی نییە، بەڵکو جەنگی تازەیە لەگەڵ زانیاری و شیکردنەوەی زانیاری و تەکنیکی هەواڵگری، جگەلەمە دروستکردن و ڕاهێنانی سەربازییە لە سەر (هێزی ئەندازەی پوچەڵکردنەوەی بۆمب و مین ڕێژکردن)، هەروەها هێزی تایبەتی (چونە ناوەوەی دامەزراوە (اقتحام المبانی)).

٧ـ دانەمەزراندنی ئابورییەکی سەربەخۆ بۆ هێزی پێشمەرگە، کە خۆی لە صندوقێکی ئابوریدا دەبینێتەوە، بۆ پڕکردنەوەی ئەو حاڵەتانەی کە کتوپڕن و بودجەی تایبەتیان بۆ تەرخان نەکراوە.

٨ـ پێدانەچوونەوە بە موچە و دەرماڵە و ئەو مانگانەییانەی کە بۆ لیواو یەکە سەربازییەکان تەرخانکراوە، هەروەها پێدانەچونەوەی تەواو بە پلە سەربازییەکان و پابەندنەبوون بە پێدانی پلە سەربازییەکان لەکاتی خۆیدا، و نەگۆڕینی پێوەری بەرزکردنەوەی پلە لە (پێوەری ساڵی خزمەت)ەوە بۆ پێوەرێکی دادپەروەرانەتر کە بەشێوەیەکی شەفاف کار لەسەر بانکێکی زانیاری بکات کە لەچەند بڕگەیەك پێك هاتبێت وەک (مەشقی بەردەوام، بەشداری لە ڕاهێنانی سەربازی و هوشیاری... هتد).

ئەم خاڵانەی باسکران ئەوەمان پێدەڵێن کە (جەنگی داعش) لانی کەم سەلماندی هێزەکانی پێشمەرگە سەرەڕای بەرگریکردن و قوربانیدانێکی زۆری ڕوحی، بەڵام بەم کەموکوڕیانەوە توانای

(٥٥) نقلا عن: عبد الله محمد حسين، دراسات فى التاريخ العسكرى، (بيروت: المناره، ٢٠٠٠)، ص. ١٣٦.

(٥٦) مايكل نايتس، ما تحتاجه فعلاً قوات البشمركة الكردية في العراق، معهد واشنطن، على الرابط الآتي:
http://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/view/what-iraqs-kurdish-peshmerga-really-need

مانەوەیان نییە وەك هێزێکی کارامە بۆ رووبەرووبونەوەی هەر هەڕەشەیەکیتر کە ڕووبەڕووی کوردستان ببێتەوە. ئاستەنگە ناوخۆییاکانن سەرەوە دابەشبوون بە سەر سێ ئاستدا، ئاستێکیان پەیوەندی بە دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێری پەرلەمانییەوە هەیە، کەلەلایەك دەبێت یاسایی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ هەمواربکاتەوە و ئەو پرۆژە یاسایەی کە بە پرۆژەی (٣٥)ی خاڵی هاوپەیمانان لە جەنگی داعش ناسراوە بە گۆرانکارییەوە بکات بە یاساییەکی کارپێکراو، لایەنی چاودێریش بەهێز بکات چونکە بریاری ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢١٠٤ حکومەتی پابەندکردوە، بۆیە دەتوانێت مافی لێپرسینەوە بەکاربهێنێت. ئاستەکەیتر حکومەتە کە پابەندی یاسا و رێنماییەکان نابێت و لەژێر کۆنترۆڵی حیزبەکاندایە. ئاستی سێیەمیش حیزبە سیاسییەکانە کە پێشمەرگە وەکو فریادرەسێکی سیاسی لە هەڵبژاردنەکان و بۆ بەهێزبوونی پێگەی خۆیان و پاراستنی خۆیان بەکاردەهێنن. ئەم بەکارهێنانە ناتەندروستە هاوکات رێگرێکی گەورەیە لەبەردەم پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی پەیوەندی سەربازی - مەدەنی و هێنانە کایەی دیموکراسی راستەقینە لە هەرێمدا.

### تەوەری دووەم: ئاستەنگەکان لەسەر ئاستی حکومەتی ناوەندی عێراق:

لە باسی هەنگاوەکاندا ئاماژەمان بۆئەوەکرد کە حکومەتی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠١٠ بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزە فرە رەگەزەکان لە عێراق هەوڵیان دا کە هێزەکانی پێشمەرگە لەچوارچێوەی وەزارەتی بەرگریدا لە پێکهاتەی دوو فیرقەدا یەکبخەن، بەڵام ئەم هەنگاوە بەرهەمدار نەبوو. لەم نێوەندەشدا، هەر یەك لەوەزارەتی پێشمەرگە و حکومەتی ناوەندی یەکتر تۆمەتبار دەکەن بە پەکخستنی ئەم هەوڵە، حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتی ناوەندی بەرێگر دەزانێت و بانگەشەی ئەوە دەکات، کە داواکارییەکانی حکومەتی ناوەندی بۆ ئەم یەکخستنە داواکاری سیاسی بووە، لەسەرەتاوە داوای مەرجی قورسیان کردوە هەر لە بڕوانەبوون بەژمارەی پێشمەرگەکەوە تا پلەی سەربازی و مەشق و ساڵانی خزمەتیان. بۆیە لەم دۆخەدا نەدەتوانرا هەنگاوە پێویستەکان بۆ مەبەستی دروستکردنی ئەو فیرقانە بەرهەمدار بێت[٥٧]. لەبەرامبەریشدا، حکومەتی ناوەندی هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بابەتەدا بەدەم داواکارییە پیشەییەکانەوە نەهاتوە و مەرجە سەربازییە پیشەیی و سەربازییەکانی بۆ دابین نەکراوە، بۆیە لایەنی حکومەتی هەرێم بە کەمتەرخەم دەزانێت.

سەرنەکەوتنی ئەم هەنگاوە شکستێکی گەورەبوو بۆ پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پیشمەرگە لەسەر ئاستی عێراق کە تیایدا حکومەتی ناوەندی بەبەربەستی سەرکەوتنی ئەم هنگاوە دەزانرێت. هەروەها دەکرێت ئاماژە بۆ چەند بەربەستێکیتر بکرێت کە لەسەر ئاستی حکومەتی ناوەندی رێگربوون لە بە دامەزراوەییکردنی هێزەکانی پیشمەرگە، لە گرنگترین ئەو بەربەستانەش:

١. خەرج نەکردنی هیچ بڕە دارییەکی تەرخانکراو لە بودجەی گشتی فیدراڵی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لەساڵی ٢٠٠٧ەوە، بەبیانوی نەگونجانی ژمارەی پێشمەرگە لەگەڵ ڕێژەی کورد لە کۆی دانیشتوانی

(٥٧) چاوپێکەوتن: لەگەڵ راوێژکاری وەزارەتی پێشمەرگە لە ٩/١٠/ ٢٠١٨.

عێراق[٥٨]، ئەمەش یەکێک بووە لە بەربەستە کاریگەرەکان کە ڕێگربووە لەبەردەم دەربازکردنی ئەم هێزانە لە پاشکۆیەتی دارایی حیزب و کەسایەتییە دەسڕۆشتووەکان و ڕاکێشانی سۆز و وەلائیان بۆلای سیمبولە نیشتمانییەکان و هۆگرکردنیان بەدەزگا فیدراڵییەکانی دەوڵەتەوە.

٢. پابەند نەبوونی حکومەتی فیدراڵی بە پرچەککردنی پێشمەرگە بەشێوەیەکی هاوتا لەگەڵ سوپای فیدراڵی و هێزەچەکدارەکانیتری. هەرچەندە لە دوای هێرشەکانی (داعش) و داگیرکردنی چەند ناوچەیەکی فراوان لە عێراق لە ناوەڕاستی ٢٠١٦دا، پرچەککردنی هێزەکانی پێشمەرگە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکرد، کە سەرچاوەکەی بەشێوەیەکی سەرەکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکابووە لەپاڵ هاوکاری هەریەک لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیسپانیا و کەنەدا و...، بەڵام تا ئیستا ئەم پرچەککردنە نەگەیشتووەتە ئاستی چەکی قورس، بەڵکو ئەگەر حکومەتی فیدراڵی لەهەندێک کاتدا ئامادەیشی دەربڕیبێت، کە لە ڕێگای وەزارەتی بەرگری فیدراڵییەوە زرێپۆش و کۆپتەر بەو یەکە سەربازیانەی پاسەوانی هەرێم بدات کە سەربەخۆیین، ئەوا ملی بۆ ئەوەنەداوە فرۆکەی جەنگیان پێبدات[٥٩]. ئەمەش لەلایەک واتای ئەوەیە کە حکومەتی فیدراڵی هەرێمی کوردستان و هێزەکانی پیشمەرگە ناچار دەکات بۆ خۆپرچەککردن پەنا بۆ سەرچاوەی دەرکی نایاسایی ببەن، بەتایبەت ئەگەر ئەو هاوکارییە دەرەکیەی وڵاتی هاوپەیمانان لەم بوارەدا نەمێنێت. لەلایەکیتریش واتای ئەوەیە کە حکومەتی فیدراڵی ئامادەنییە بەهاوشێوەی هێزەکانی خۆی، کە خاوەنی هێزی سەربازی زەمینی و دەریایی و ئاسمانییە، مامەڵەیەکی دادپەروەرانە لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە بکات، هەمان ئەم دۆخە بۆ بابەتی مەشق پێکردنی پیشمەرگەش ڕاستە کە تا ئێستا لە زۆرێک لە شارەزایی و تەکنیکە سەربازییە نوێیەکان، کە حکومەتی فیدراڵی ڕازی نییە پێی بدات، بێ بەشە.

٣. پابەندنەبوونی حکومەتی فیدراڵی بە زیادکردنی ڕێژەی کوورد لە پێکهاتەکانی سوپای عێراقدا، کە ئەمەش لەلایەک پێچەوانەی دەقەکانی دەستوری فیدراڵی (٢٠٠٥)ە، لەلایەکیتریش لادانە لەو بەڵێن و ڕێککەوتنانەی لەکاتی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی سوپای عێراقدا درابوون، دوای هەڵوەشاندنەوەی لە ٢٠٠٣دا، بەپێی ئەو بەڵێنانەش دەبوو کورد بەڕێژەی (٢٥%)ی سوپای عێراق پیکبهێنێت، ڕێژەی سوننەش (٢٠%) و شیعە (٥٠%) و کەمینە و پێکهاتەکانیتریش (٥%) بێت. بەڵام بەپێی هەندێک سەرچاوە تائێستا ڕێژەی کورد لە (٢%)ی سوپای عێراق تێپەڕ ناکات[٦٠]. ئەمەش واتای لە دەستدانی دەرفەتی لکاندن و دەمجکردنی هێزەکانی پیشمەرگەیە بە سوپای نیزامی عێراقەوە، کە دەکرا ئەو ڕێژەیە بەبیانووی بەدامەزراوەییکردنەوە لەو هێزانە پڕبکرێتەوە کە ئیستا پەیوەستی حیزب و کەسایەتییە دەسترۆیشتووەکانی کوردن.

---

(٥٨) نسبة مخصصات القوات الاتحادية والبيشمركة في موازنة العراق لـ٢٠١٨، موقع سبوتنيك عربي، على الرابط الآتي:
https://arabic.sputniknews.com/arab_world/201711081027329103/

(٥٩) صالح حميد، أزمة كردستان.. لماذا انسحبت البيشمركة دون مقاومة؟، موقع العربية.نت، على الرابط الآتي:
https://www.alarabiya.net/ar/arab-and-world/iraq/2017/10/18/

(٦٠) رئيس الأركان السابق: نسبة الأكراد في الجيش العراقي أقل من ٢% والسنة ١٠%، ٦ كانون الثاني ٢٠١٨، موقع بغداد بوست، على الرابط الآتي: https://www.thebaghdadpost.com/ar/Story/76267/

٤. کەمتەرخەمی حکومەتی فیدراڵی لە چەسپاندنی بنەماکانی سیستمی فیدراڵی و دوودڵی لە پابەندبوون پێیانەوە، بەتایبەت لەبوارەکانی (سیاسەتی دەرەکی و سیاسەتی ئەمنی و سیاسەتی دارایی)دا، کە تائێستا حکومەتی ناوەندی هیچ دیسپلینێکی یاسایی ئەوتۆی بۆ چۆنێتی ڕاییکردنی ئەم بوارانە دانەڕێژاوە، بەشێوەیەک نەئەوەتا بڕێک لە سەربەخۆیی یاسایی بە هەرێمی کوردستان بدات تا لەو بوارانەدا، لەژێر سەرپەرشتی حکومەتی فیدراڵی خۆیدا، هەندێک مامەڵەی دەرەکی بکات وەک لەکێشەی (ڕێکەوتننامەکانی فرۆشتنی نەوت و خۆپڕچەککردن)دا هەیە، نە ئەوتاش لەوبوارانەدا وەک هاوبەشێکی ڕاستەقینە مامەڵە لەگەڵ هەرێم بکات. ئەمەش هەندێک کات بیانوویەکبووە بۆ حکومەتی هەرێم، وەک مەسەلەی (فرۆشتنی نەوت)، لەدەرەوەی ئاگاداری و ڕەزامەندی حکومەتی فیدراڵی (صەفقەی خۆپڕککردن) لەگەڵ هەندێک وڵاتی بیانی گرێبدات[٦١]. ئەم دۆخەش بەردەوام لای حکومەتی فیدراڵی و زۆرێک لە لایەنە عێراقییەکان جێی نیگەرانی و بەڵکو تۆمەتبارکردنی کورد و هێزەکانی پێشمەرگەش بووە بەوەی کە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسین لەسەر ئاسایشی نیشتمانی و یەکپارچەیی عیراق.

٥. بەربەستێکیتر لەبەردەم بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پیشمەرگە لە سەر ئاستی حکومەتی فیدراڵی بریتییە لە شکستخواردنی پرۆسەی سیاسی و لاوازی دامەزراوە دیموکراتی و فیدراڵییەکانی عێراق خۆی، کە هەمیشە لەژێر فشار و دەستیوەردانی دەرەکی و پەرتەوازەیی تایەفەگەری ناوخۆییدایە. لەم دۆخەدا زەحمەتە دامەزراوە دیموکراسی و مەدەنییەکان و ئامرازەکانی ئاشتەوایی و پێکەوژیان وەک (ئەنجومەنی فیدراڵی) فەراهەم بهێنرێن، بەڵکو زۆر ئاسانە دەستە و هێزی چەکداری تایەفی و نانیزامی بونیاد بنرێ وەک (حەشدی شەعبی). ئەم دۆخە کە لەسەر ئاستی عێراق لەگەڵ پرۆسەی بەدامەزراوەییکردن و باڵادەستی دەزگا دیموکراسی و مەدەنییەکاندا تەبانییە، بیگومان ژینگەیەکی لەباریش نییە بۆ لەدایکبوونی عەقڵیەتێک کە لە گرنگی پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی پێشمەرگە تێبگات وەک هەلێک بۆ بەهیزکردنی دامەزراوە دیموکراسی و فیدراڵییەکانی عێراق.

لەکۆتایی ئەم باسەدا، پێویستە ئەو ڕاستییە بخەینەڕوو، کە ئاستەنگەکان لەبەردەم پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر ئاستی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان سەرچاوەبوون بۆ مانەوە و درێژەکێشانی ئاستەنگەکان لەسەر ئاستی حکومەتی فیدراڵی و عێراق، چونکە زۆربەی دەسەڵاتدارانی هەرێم تائێستا دونیابینییان بۆ مەسەلەی سیاسەتی ئەمنی هەرێم و بەدامەزراوەییکردنی هێزە ئەمنییەکان، لە ناویشیاندا پێشمەرگە، دونیابینیەکی تاڕادەیەک حیزبی و ناوچەیی و شەخسییە، بۆیە مامەڵەکردنیشیان لەگەڵ ئاستەنگ و کیشەکان لەسەر ئاستی سیاسەتی ئەمنی عێراق و دەزگاکانی هەر ڕەنگدانەوەی ئەو دونیابینییە بەرتەسکەیە، کە ناتوانێت بەئاسانی بۆ ئامانج و پێویستییە نیشتمانی و نەتەوەییەکان دەستبەرداری بەرژەوەندییە حیزبی و ناوچەیی و شەخسییەکان بێت.

(٦١) تسليح البيشمركة.. خلاف جديد بين بغداد وأربيل، صحيفه العالم الجديد، ٢ نيسان ٢٠١٥، على الرابط الآتى:
https://al-aalem.com/news/12364-تسليح-البيشمركة-خلاف-جديد-بين-بغداد-وأ

## کۆتایی ودەرئەنجامەکان:

١. پرۆسەی بەدامەزراوەییکردن بریتییە لە گەشەپێدان و چەسپاندی تایبەتمەندیەکانی دامەزراوە لە شتێک یان ڕێکخراوێکدا. بەشێوەیەک هەرکاتێک ئەو شتە یان ڕێکخراوە لە دۆخێکی کاتی و قەوارەیەکی ناجێگیرەوە وەرچەرخا بەرەو شتێک یان ڕێکخراوێکی سەقامگیر و بەردەوام، کە لەپێناو بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی گشتیدا، بەپێی چەند بنەما و ڕێسایەکی تاڕادەیەک هەمیشەیی پەیوەندی نێوان کۆمەڵێك کەس گرێبدات، بەمەش کەسایەتییەکی مەعنەوی وا بەدەستبهێنێ کە ئیرادەی بیخاتە سەرووی ئیرادەی ئەو کەسانەی پێکیانهێناوە و لەدوای نەمانیشیان ئەو شتە یان ڕێکخراوە هەر بمێنێت و بەردەوامی بەمانەوەی خۆی بدات، ئەوا بە هاتنەدی کۆی ئەم وەرچەرخاندنان و تایبەتمەندییانە سیفەتی بەدامەزراوەییبوون لەو شتە یان ڕێکخراوەدا بەرجەستە دەبێت.

٢. گرنگی سیاسی بەدامەزراوەییکردنی هیز و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان لەسەردەمی هاوچەرخدا لەوەدایە، کە مەرجێکی سەرەکییە بۆ بونیادنانی دەوڵەتێکی سەقامگیری ئەوتۆ کە بتوانێت لە دۆخێکی دیموکراتی و مەدەنیدا دەسەڵات و بڕیارەکان بەشێوەیەک عەقڵانی بکات کە ئاسایش و ژیانێکی خۆشگوزەران بۆ هاوڵاتیان دابین بکات، گرنگترین هەنگاویش لەپێناوی هێنانەدی ئەم مەرجەدا بریتییە لە بەدامەزراوەییکردنی دەزگا چەکداری و وسەربازییەکان.

٣. گرنگی پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستاندا چەندین ڕەهەندی سەرەکی هەیە، وەک: ڕەهەندی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردە کە دەخوازێت پێشمەرگە وەک ئامرازێک یەکخراو لەپیناو هێنانەی مافەکانی بخاتەگەڕ. ڕەهەندی بەدیموکراسیکردنی سیستمی حوکمڕانی هەرێم کە بەبێ بوونی هێزەکانی پێشمەرگە بە دەزگایەکی نیزامی ئەگەری چەقبەستنی وەک حوکمڕانییەکی تاکڕەوی دەسەڵاتخواز هەیە. ڕەهەندی بە فیدراڵیکردنی فۆڕمی دەوڵەتی عێراق کەلەسایەیدا، بەبێ بەدامەزراوییکردنی پێشمەرگە وەک هێزێکی نیزامی، ئەستەمە هەرێم بتوانێت ڕۆڵێکی کارای لەئەنجامدانی ئەرکی بەرگری دەرەکی و ئاسایشی ناوخۆییدا هەبێت. ڕەهەندی بەرقەرارکردنی ئاسایشی دەرەکی و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری جیهانی، کە بەبێ سەرکەوتنی پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە زەحمەتە هەرێم بتوانێت هاوکارێکی کارای هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دژی تیرۆر بێت.

٤. پرسی بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستاندا پەیوەستە بە خواستی پێکهێنانی سوپایەکی خاوەن بیروباوەری سەربازی نیشتیمانی بۆ ئەم هەرێمە، بۆیە نەبوونی هێزێکی سەربازی پیشەیی مەشقپێکراوی یەکگرتووی لەم شێوەیە، کە لە سەرووی ئینتمای حیزبی و ناوچەیی و شەخسیەوە دامەزرابێت، هەڕەشەیەکی بەردەوامە لەسەر ئایندەی هەرێم و شێوازی حوکمڕانییەکەی، چونکە لەلایەك بەردەوام ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی لەنیوان ئەو هێزە حیزبیانەدا هەیە، لەلایەکیتریش ناتوانرێت بە هێزە خوار نیشتمانییەکان گرەنتی ئاسایشی هاوڵاتیان بکرێت. ئەمەش لەسەرەتای نەوەدەکانەوە گەورەترین هەڕەشە و مەترسی بووە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی کورد، کە تا ئێستا بەردەوامە.

٥. هەرچەندە لەڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە تا ئێستا، لەسەر ئاستی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان و عێراق و لەسەر ئاستی دەرەکی و هێزە نێودەڵەتییەکانیش چەندین هەنگاو لەپێناو بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە نراوە، بەڵام بەهۆی بوونی چەندین بەربەستی جۆراوجۆر زۆرێک لە وهەنگاوانە بە ئاکام نەگەیشتوون یان بەرێژەیەکی بەرچاو سەرکەووو نەبون.

٦. گرنگترین ئاستەنگەکان لەبەردەم بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر ئاستی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بریتیین لە گیرخواردنی دونیابینی دەسەڵاتدارانی هەرێم بۆ سیاسەتی ئەمنی ئەم هەرێمە لەقاڵبە بەرتەسکە حیزبی و اوچەیی و شەخسییەکاندا، زاڵبوونی وەلائی حیزبایەتی بەسەر پێکهاتە و یەکەکانی هێزی پیشمەرگەدا، لاوازی رۆڵی پەرلەمانی کوردستان لە چاودێریکردنی چۆنێتی جێبەجێکردنی سیاسەتی ئەمنی هەرێم و هەنگاوەکانی بەدامەزراوەییکردنی هێزەکان پیێشمەرگە و بەدواداچونی بۆ ئەو کەم وکوڕی و کێشانەی کە ئەم هێزانە لە رێکخستن و مەشق و پڕچەککردن دا هەییانە، پێ نەگەیاندنی پێشمەرگە لە سەر عەقیدەیەکی سەربازی نیشتمانی باڵای پیشەگەر کە هاوتەریب بێت لەگەڵ ئەو هەڕشانەی لەسەر هەرێمی کوردستان هەن، دانەمەزراندنی ئابورییەکی سەربەخۆ بۆ هێزی پێشمەرگە، دەستبەردار نەبوون لە سیاسەتی (زەبائینی) کە لە جیاتی وەلائو ئینتیمای نیشتمانی، ئینتیمای کەسی و حیزبی دروست کردوە و دەیان لیواو فەوج و سریەی شەخسی لەسەر بودجەی بژێوی خەڵک دروستکردوە.

٧. گرنگترین ئاستەنگەکان لەبەردەم بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر ئاستی عێراق بریتین لە تەرخان نەکردنی هیچ برە پارەیەک لە بودجەی گشتی فیدراڵی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، پابەند نەبوونی حکومەتی فیدراڵی بە پڕچەککردنی پێشمەرگە بەشێوەیەکی هاوتا لەگەڵ سوپای فیدراڵی و هێزەچەکدارەکانیتری، هەروەها پابەندنەبوونی بە زیادکردنی ڕێژەی کوورد لە پێکهاتەکانی سوپای عێراقدا کە دەرفەتی بۆ بەنیزامیکردنی هێزەکانی پیشمەرگەیە لەچوارچێوەی سوپای نیزامی عێراقدا، کەمتەرخەمی لە چەسپاندنی بنەماکانی سیستمی فیدراڵی و دووڵی لە پابەندبوون پێیانەوە بەتایبەت لە بواری سیاسەتی ئەمنیدا کە بەردەوم ڕۆڵی هەرێمی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگە تییایدا جێگیرنەبووە، ئەمە جگە لە شکستخواردنی پرۆسەی سیاسی و لاوازی دامەزراوە دیموکراتی و فیدراڵییەکانی عێراق خۆی کە هەمیشە ناتەبایە لەگەڵ ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبار بۆ لەدایکبوونی عەقڵیەتی بەدامەزراوەییکردنی هێزێکی وەک پێشمەرگە.

٨. زۆربەی کات ئاستەنگەکان لەبەردەم پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر ئاستی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان زەمینەسازبوون بۆ مانەوە و درێژەکێشانی ئاستەنگەکان لەسەر ئاستی عێراق، بەتایبەت کە زۆربەی دەسەڵاتدارانی هەرێم تائێستا دونیابینییان بۆ سیاسەتی ئەمنی هەرێم و عێراق و بەدامەزراوەییکردنی هێزە ئەمنییەکان، لە ناویشیاندا هێزەکانی پێشمەرگە، دونیابینیەکی تاڕادەیەک حیزبی و ناوچەیی و شەخسییە، بۆیە مامەڵەکردنیشیان لەگەڵ ئاستەنگەکان لەسەر هەردوو ئاستەکە هەر ڕەنگدانەوەی ئەو دونیابینییە بەرتەسکەیە، کە ئامادەنییە زۆر بەئاسانی بەرژەوەندییە حیزبی و ناوچەیی و شەخسییەکان بکاتە قوربانی ئامانج و پێویستییە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان.

## لیستی سەرچاوەكان:

**دەستور و یاسا:**

١. دەستوری كۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.
٢. دەستوری كاتی عێراق ساڵی ٢٠٠٤، كە ناسراوە بە (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە).
٣. یاسای وەزارەتی كاروباری پێشمەرگە ژمارە (٥) ساڵی ١٩٩٢.
٤. یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە ژمارە (٩) ساڵی ١٩٩٢.
٥. یاسای وەزارەتی پێشمەرگە لە هەرێمی كوردستان – عێراق ژمارە (١٩) ساڵی ٢٠٠٧.
٦. یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێمی كوردستان – عێراق) ژمارە (٣٣) ساڵی ٢٠٠٧.
٧. یاسای خانەنشینی كەمئەندامانی پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێمی كوردستان ـ عیراق) ژمارە (٣٤)ی ساڵی ٢٠٠٧.
٨. یاسای ڕاژە و خانەنشینی پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێمی كوردستان) ژمارە (٣٨)ی ساڵی ٢٠٠٧.
٩. بڕیاری ژمارە ١٩ ی پەرلەمانی كوردستان لە ٢٠١٤/٧/٢٣ بڕگەی شەشەم.
١٠. بەڵگەنامەی فەرمی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠٠٧/٤/١.
١١. بەڵگەنامەی فەرمی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ١/١ دیوانی /١٤٦/٨٦لە ٢٠٠٧/١٠/٧.
١٢. پرۆژەی ڕاوێژكارانی فرە نەتەوە كەلە ٢٠١٧/٥/١٤ لە ئەنجومەنی وەزیران پەسەندكرا.

**فەرهەنگ:**

١٣. عبدالرحمن شرفكندي (هەژار)، هەمبانەبورینە "فرهنگی كوردی – فارسی"، چ ٤، (تهران: سروش، ١٨٣٤هـ).
١٤. على سيدو گوراني، القاموس الكردى الحديث: كردي-عربي،، (عمان-الاردن: شركة الشرق الأسط للطباعة، ١٩٨٥)
١٥. د.أحمد سعيفان، قاموس المصطلحات السياسية والدستورية والدولية: عربي - انجليزي – فرنسي، ط ١، (بيروت: مكتبة لبنان ناشرون، ٢٠٠٤).

**كتێب:**

١٦. أحمد أمل، الأثنية والنظم الحزبية في افريقيا (دراسة مقارنة)، (المكتب العربي للمعارف، ٢٠١٥).
١٧. د. صادق الاسود، علم الاجتماع السياسي: أسسة وأبعاده، (جامعة بغداد: كلية العلوم السياسية، ١٩٩٠).
١٨. د. صموئيل هانتنتون، النظام السياسي لمجتمعات متغيرة، ترجمة: سمية فلوعبود،، ط ١، (بيروت - لبنان: دار الساقي، ١٩٩٣).
١٩. عبد الله محمد حسين، دراسات فى التاريخ العسكرى، (بيروت: المناره، ٢٠٠٠).
٢٠. د.عصام سليمان، مدخل الى علم السياسة، ط ٢، (بيروت: دار النضال للطباعة والنشر والتوزيع،

١٩٨٩).

٢١. د. كمال المنوفي، نظريات النظم السياسية المقارنة، ط ١، (الكويت: وكالة المطبوعات، ١٩٨٥).
٢٢. مارسيل بريلو، علم السياسة، ترجمة: محمد برجاوي، ط ١، (بيروت - لبنان: منشورات عويدات، ١٩٧٤).
٢٣. د.محمد ياسر الأيوبى، النظرية العامة للأمن، (طرابلس ـ لبنان: المؤسسة الحديثة للكتاب، ٢٠٠٨).
24. N. S. Doniach (Editor), the Oxford English - Arabic Dictionary, (Oxford: THE CLARENDON PRESS, 1987).
25. P. H. Collin, Dictionary of Politics and Government, 3rd ed., (London: Bloomsbury Publishing Plc., 2004).
26. P. H. Collin (General editor), Student Dictionary, 3rd ed., (London: Bloomsbury Publishing Plc., 2003).
27. Roger Scruton, The Palgrave Macmillan Dictionary Political Thought, 3rd ed., (Great Britain: The Palgrave Macmillan, DPT., 2007).
28. Samuel P. Huntington, The Soldier and the State: The Theory and Politics of Civil-Military Relations, (Cambridge, Mass.: Belknap Press of Harvard University Press, 1957).

**توێژینەوەی زانستی:**

٢٩. د.حامد عبدالماجد قويسى، تشكيل الرأى العام ومناخ المواطنة بين فاعلية المواطن وعزوفه السياسى، الأمن العام وحقوق الانسان، من: علا أبو زيد و هبة رؤوف عزت (محرر)، المواطنة المصرية ومستقبل الديمقراطية، (القاهره: مكتبة الشروق، ٢٠٠٣).
٣٠. د. حنان علي عواضة، السلطة عند ماكس فيبر، مجلة الأستاذ، العدد ٢٠٦، المجلد الأول، (كلية التربية ابن رشد للعلوم الساسية - جامعة بغداد، ٢٠١٣).
٣١. د.عابد خالد رسول، السياسة الأمنيه فى الدول الفيدرالية (دراسة مقارنة)، مجلة الدراسات السياسية والأمنية، العدد ١، المجلد ١، (السليمانية: مركز الدراسات المستقبلية، حزيران ٢٠١٨).

**گۆڤار:**

٣٢. خەلیل عەبدوڵا، شوێنی پیشمەرگە لە دەستوری عێراقدا، گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە، ژمارە (١٠٨) و (١٠٩)، دیسەمبەری ٢٠٠٩.

**ماستەر نامە:**

٣٣. هێرش فاضل نامق، کاریگەرییەکانی هێرشی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر بواری سەربازی

هەرێمی کوردستان، ماستەرنامە (بڵاونەکراوەتەوە)، کۆلێجی یاسا وسیاسەت، زانکۆی صەڵاحەدین – هەولێر، ٢٠١٧.

**چاوپیکەوتن:**

٣٤. راوێژکاری وەزارەتی پێشمەرگە لە ٩/١٠/ ٢٠١٨.

**سەرچاوەی ئەلکترۆنی:**

٣٥. إبراهيم ابراش، العالم العربي من ديمقراطية متعثرة لحكامة منشودة، من موقع الحوار المتمدن، على الرابط الآتي:
http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=242167&r=0
٣٦. البنتاغون: سلمنا البيشمركة مئات ملايين الدولارات لمحاربة داعش، الحرة، على الرابط الآتـى:
https://www.alhurra.com/a/us-aids-peshmerga-forces-Kurdistan-referendum/384619.html
٣٧. تسليح البيشمركة.. خلاف جديد بين بغداد وأربيل، صحيفه العالم الجديد، على الرابط الآتى:
https://al-aalem.com/news/12364-تسليح-البيشمركة-خلاف-جديد-بين-بغداد-وأ
٣٨. جەبار یاووەر (ئەمیندارى گشتى وەزارەتى پێشمەرگە)، چاوپێکەوتن - بەرنامەى تاوتوێ (ئایا وەزارەتى پێشمەرگە دەتوانێت چاکسازى بکات؟)، ٢٠١٨/١١/٢٧، کەناڵى (NRT) لەسەر ئەم بەستەرە:
http://www.nrttv.com/media-Barname-detail.aspx?pid=606&CatID=1
٣٩. صالح حميد، أزمة كردستان.. لماذا انسحبت البيشمركة دون مقاومة؟، موقع العربية.نت، على الرابط الآتي:
https://www.alarabiya.net/ar/arab-and-world/iraq/2017/10/18/
٤٠. رئيس الأركان السابق: نسبة الأكراد في الجيش العراقي أقل من ٢% والسنة ١٠%، ٦ كانون الثاني ٢٠١٨، موقع بغداد بوست، على الرابط الآتى:
https://www.thebaghdadpost.com/ar/Story/76267/
٤١. غني ناصر حسين القريشي، طبيعة التنظيم البيروقراطي والسلطة عند ماكس فيبر، من موقع قسم الاجتماع، كلية الاداب، جامعة بابل، على الرابط الآتي:
http://www.uobabylon.edu.iq/uobColeges/lecture.aspx?fid=8&lcid=11718
٤٢. مايكل نايتس، ما تحتاجه فعلاً قوات البشمركة الكردية في العراق، معهد واشنطن، على الرابط الآتي:
http://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/view/what-iraqs-kurdish-peshmerga-really-need
٤٣. مركز كارنجى، تحدى القوات البيشمركه، تقرير في ٢٠١٥، على الرابط الآتي:

http://carnegie-mec.org/2015/12/16/ar-pub-61931

٤٤. معني كلمة البيشمركة، من أين جاءت تسمية البيشمركة، منتديات درر العراق، من الانترنيت على الرابط الآتي:

https://www.dorar-aliraq.net/threads/98322

٤٥. موسوعة الجزيرة، البشمركة، من موقع الجزيرة نيت، على الرابط الآتى:

http://www.aljazeera.net/encyclopedia/movementsandparties/2015/3/8/البيشمركة

٤٦. نسبة مخصصات القوات الاتحادية والبيشمركة في موازنة العراق لـ٢٠١٨، موقع سبوتنيك عربي، على الرابط الآتي:

https://arabic.sputniknews.com/arab_world/201711081027329103/

47. Michael G. Lortz, Willing to Face Death: A History of Kurdish Military Forces - the Peshmerga - from the Ottoman Empire to Present-Day Iraq, (Florida State University: College of Social Sciences, 2005), Available at this link:
https://fsu.digital.flvc.org/islandora/object/fsu:175614/datastream/PDF/view
48. Feike Fliervoet, Fighting for Kurdistan? Assessing the nature and functions of the Peshmerga in Iraq, CRU Report, (Netherland: The Clingendael Institute, March 2018), Available at this link:
https://www.clingendael.org/pub/2018/fighting-for-kurdistan/